# موحاکەمەی دەوڵەتی تورکیا
# لە دوڕگەی ئیمرالی

دەقی ئاخر وتەکانی بەڕێز عەبدوڵا ئۆیجالان
سەرۆکی فەخری کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان
و ڕێبەری پارتی کارکەرێن کوردستان

هەوڵنامەی کتێب

ئەم وتانە لە دیداری ڕۆژی ١٧ی ژووەنی ١٩٩٩
لەلایەن ئۆیجالانەوە بەنووسراو دراوە بە پارێزەرکانی
و ئەوان بڵاویان کردووەتەوە.

وەرگێڕان لە دەقی ئینگلیسی لاپەڕەی ڕۆژنامەی
«ئۆیزگویرپۆلیتکا» لە تۆڕی ئینترنیت دا.

هەواڵنامەی کتێب

ده قی ناخروته کانی به ڕێز عه بدوڵا نوێجالان له ۲۹_٦_۹۹ دوربکه ی نیمرالی
پیتچن : هاوکار حه یده ری
وه رگێڕ : حه سه نی قازی
چاپ : بنکه ی چاپه مه نی زاکرۆس میدیا
ژوویيه ۱۹۹۹
تیراژ : ۵۰۰ دانه
تێبینی : عینوانی کتێبه که به له به رچاو گرتنی
ناوه روکی له لایه ن وه رگێڕه وه داندراوه .

بۆ بەڕێز سەرۆکی «دادگە»ی ژمارە دووی، دادگەی هێمنی دەوڵەت لە ئانکارا.

ئەمن لەو باوەڕەدام بۆ من تا بڵێی گرینگە بەشێوەیەکی زانستی بیری خۆم لەسەر واقعییەتی ڕاپەڕین و ئاکامەکانی کۆبکەمەوە وتاوتوێی کەم وەکو زەمینەیەک بۆ دوایین بەیان و وتارم بۆ پارێزگاری لە خۆم.

ئاخر بەیاناتی دادئەستێن، کە هەر کورتەیەکی ئەو داوای سزا دانە بوو کە پێشتر کردبووی، هێندێک لە وتەکانی پاراستنی سەرەتایی منی هێناوەتەوە بەڵام هەرگەیشتووتە ئەو ئاکامانەی کە پێشتر ڕای گەیاندبوون. ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە شەخسی مندا و لە ڕێکخراوە داپێک هاتوون ڕەچاو نەگیراون و وەک وتەی ناسەمیمی و بۆ خۆپەڕاندنەوە داندراون، کە دەبێ بەپێی مادەی ١٢٥ی قانوونی تاوانی تورکیا سزابدرێن لەبەر توندوتیژی و ژمارەیەک لە کردەوەکانی [پکک] و بەردەوامبوونی پێوەندییەکانی من لەگەڵ ڕێکخراوەکە، ئەگەرچی ئەو پێوەندی و پێوەلکانانە هەر لەمستەوای فکریش دا بووبێ.

ئەوە بەڵێبڕاوانە پێویستە مێژوو و ئەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتییانە تاوتۆێ بکرێن کە بوونە هۆی ڕاپەڕین لە ژێر ڕێبەرایەتی پکک دا، ئەو ڕاپەڕینەی کە لە زمان کاربەدەستانی هەرە بەرزیش ڕا وەک ئاخر «ڕاپەرینی کورد» تێودێر کراوە. نەک هەر ناکرێ ئەو ڕووداوانە کە بوونەتە هۆی لە کیس چوونی ژیان و مالومولک، و لە کیس چوونی ئەخلاقی و مادی لە ڕەهەندی شەڕدا و بوونەتە هۆی ئاکامی چەند لایەنەی ئیجابی و سەلبی، بهێندرێنە ڕیزەی تیرۆری فەردی، بەڵکو لەوەش زیادتر، [بۆچوونێکی ئەوتۆ] دەگاتە ئاکام لێدەرخستنی هەڵە و خزمەت دەکا بە قووڵتر بوونەوەی ئەم کێشەیە. هەروەها، هەر بەم چەشنەش ئەوە ناکافییە [کە ئەم ڕووداوانە] لە ڕوانگەی سیستمی

قانوونی [ئێستاوە] مامڵەیان لەگەڵ بکرێ، چ دەگا بە مادە قانوونێکی ناقانەوە. زۆر لەوەش گرینگتر، ئەگەر ئێمە چاو لە ئاکامەموحتەمەلەکانی ئەو تەقینەوە کۆمەلاٌنییە بقووچێنین کە بناخەی کۆمەلاٌیەتی بەشێوەیەکی ئاوا کاریگەرانە هەڵتەکاندووە، بۆ بەکارهێنانی هەرە زۆریان لە پێشەڕۆژدا، ئەودەمی ئێمە دەکەوینە نێوکێشەیەکی زۆر سەختترەوە و ڕێگە بۆ لەکیس دان و دۆراندنی تەنانەت زۆر زیادتر لە پێشەڕۆژدا خۆش دەکەین.

دەستێوەردانە عەسکەرییەکانی ١٢ی مارسی ١٩٧١ و ١٢ی سێپتامبری ١٩٨٠ ئەو ڕاستییەی وەڕووخستووە کە تورکیای سالاٌنی ٧٠ چاوی بە قەومانی کۆمەلاٌیەتی جیدی هەڵهێناوە. [ئەو ڕووداوانە] بوونە هۆی تەنگەبەر بوونی جیدی قانوونی و گەیشتە پووچەڵکردنەوەی قانوونی ئەساسی دەستێوەردانی عەسکەری ٢٧ی مای ١٩٦٠ بە خەسڵەتی ئازادەیەک دیموکراتی خۆیەوە وجێگرکردنی قانوونی ئەساسی ساڵی ١٩٨٢ بە خەسڵەتی ئازادەیەک زۆری دژی دێمۆکراتی خۆیەوە. بەر لە ساڵی ١٩٨٠، هەر پارتییەکی سیاسی، چ پارتی سەر بە حکوومەت یان بەرهەڵستکار، چ پارتی باڵی ڕاست یان باڵی چەپ، وەکو پارتی ناقانوونی ڕاگەیێندران و [ئەندامەکانیان] لە دادگەکاندا محاکەمەکران.

پارتی کارکەرێن کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی ناقانوونی ئەو سەروبەندی لە دایک بوو و بوو بە بزووتنەوەیەک کە بە گشتی جەختی لەسەر واقعییەتی کۆمەلاٌیەتی کوردەکان دەکرد لە لێکدانەوە، پرۆپاگاندە و کردەوەکانی خۆیدا. سەرهەڵهێنان و پەیدابوونی پکک ئەگەرچی قانوونی نەبوو بەلاٌم مەشرووع بوو. مەشرووعییەتی ڕاپەڕینێک بە دژی سیستمێکی سەرکوتکەر، و ئەو سیستمەی ئەوەندەی ڕیشەی داکوتابوو کە دەبێ «بەربەست کردنی زمان» لە قانوونی ساڵی ١٩٨٢دا وەبیر

بهێندرێتەوە کاتێک باسی ئەو بزووتنەوەیە وەک بزووتنەوەیەکی ناقانوونی دەکرێ. ئینسان دەبێ ترسە مێژووییە ڕاتلەگێنەکان و دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کورد بزانێ، تەنانەت شەرم کردن لە گوتنی ناوی خۆش لە گۆڕێ دابوو. جا لەبەر ئەوە، ئەوە جێی سەرسوڕمان نییە کە ڕاپەڕینێکی ئەوتۆ پەیدا دەبێ لە هەلومەرجی خەسڵەتی کۆنینە و داڕزاوی ئەو سەرەبەندی داو لە هەلومەرجی هەرە بەرتەنگی ناخۆشی قانوونیدا. پارتی کارکەرێن کوردستان بۆیە سەری هەڵدا بۆ ئەوەی ڕێبازی ئیدیۆلۆژی و ستراتیژی [ئەم ڕاپەڕینە] گەڵاڵە بکا و لە زۆر لە سەنەدوبەڵگەکانی خۆیدا بە ئاشکرایی ئەوانەی دەربڕیوە. ئەوە لە کەیفەرخواستی [دادئەستێن]یشدا ئاماژەی پێکراوە. ئەمن ئەوە دووپاتە ناکامەوە. دروشمی سەرەکی «سەربەخۆیی و ئازادی» بوو، واتە دروشمی ڕاپەڕێن. و بەرنامەی گشتی و کردەوەکانی لێرولەوێی لە پێناو ئەو ئامانجە دابوون. ئەوە نکوڵی لێنەکراوە و ناکرێ، بەڵام ئەمن گرینگی پێوە چارانی ئەم بابەتە لە ڕوانگەیەکی زانستییەوە دادەگرمەوە. حەوجێ بە گوتن ناکا کە لە باری قانوونییەوە پێویستی بەسزادان هەیە، ئەمن دووپاتەی دەکەمەوە گرینگە لەمبارەیەوە لە ئاستی فەلسەفەی قانوونەوە ئاکام دەربخرێ. نرخاندنی بابەتیانەی ئەو پێشوەچوونە مێژووییە و هەروەها پێشوەچوونە نێوخۆیی، دەرەکی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ڕۆژ، هەلومەرجەکانی هەر دووک لای [کێشەکە] لە سەر ئەو بناوانە نەک هەر کارێکی وا دەکا ئێمە بتوانین لەو ڕووداوانە تێبگەین بەڵکوو [یارمەتی] ئەوەشمان دەدا بگەینە ئاکامی دروستیش.

پارتی کارکەرێن کوردستان، یەک لە هێزە بەرپرسە سەرەکییەکانی کردەوەی [عەسکەری] توندوتیژ بووە، کەوتووەتە هەلوێستێک بۆ وتوویژ و تاوتۆی کردنی بابەتی کوردی لە گەڵ ئانکارا. هەروەها پکک لە

«بزووتنەوەی کورد» و ئەوەی لە باکووری عێراق ڕادەبرێ [شت] فێربووە. بەرە بەرە ئالوگۆڕێکی ئەوتۆی لە خۆیدا پێک هێناوە کە لە هێزێکەوە کە لەبن کارتێکەری ئەو دوو فاکتۆرانەدا بووە ببێ بەهێزێک کە کاریان تێ بکا. ئەوە ئاشکرایە دروشمەکان و کردەوەکانی بەهۆی ئەو دوو فاکتورەی زەبروزەنگ و توندڕێژی ڕا دیاری کراون، ئەوەش ڕاستە کە پکک حەولی داوە و توانیویەتی بگاتە ئاستێک لە بەردەوامکردنی [کردەوەی عەسکەری]، بەڵام ئەوە زلکردنەوە و پێوەنانێکی زۆرە و دەگاتە ئاکامی هەرە هەڵە ئەگەر بگوترێ کە پکک سازکەری تاقانەو بەمپییە تەنیا هێزی بەرپرسیاری هەموو شتێکە. لە هەموو باردۆخێکی پڕ کێشە و هەرا لە چوار قورنەی جیهاندا جێبەجێکردن و بەرێوەبردنی [کارو خەبات] دەکرێ لە ژێر کۆنترۆڵ دەربچێ و ئەندامانی ڕێکخراوەکان کە بە کێشەیەکەوە مەشغوولن لە وانەیە بەکەیفی خۆیان و بێ گوێدانە (تەعلیمات) ببزوونەوە. ئەمن بەو قسەیە حەول نادەم خۆم لەبەر پرسیاری کردەوەی ئەوتۆ بپەڕێنمەوە بەڵام ئەو ڕاستیە دەبێ لە پرۆسەی هەموو جۆرە داوەرییەکدا لەبەرچاوبگیرێ.پکک لە بەرنامە و دروشمەکانی خۆیدا داوای [دامەزراندنی] دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکا و هەر ئەوەش دەیکاتە بەر پرسیار، بەڵام واقعییەتی ژیان لە هەموو بەرنامەیان دروشم بەنرخترە و فێرمان دەکا ڕیئالیست بوون چییە. لە مێژووی جیهانیدا زۆر نموونەی ئەوتۆ هەن. ئەگەر ئێمە بمانەوێ مێژووی بزووتنەوەیەک تەنیا بە ڕێگەی دروشمەکانی لەسەروبەندێکی تایبەتیدا و بەرێگەی خاڵە سەرەکییەکانی بەرنامەکەی دا هەڵسەنگێنین ئەوە ناکافییە و هەڵەبوونی میتۆد نیشان دەدا. دینەکانی وەکوو ئیسلام کە بە دۆگمای ئیدیئۆلۆژی و کردەوە ڕاسەریان هەڵهێنا، شێوەی جیاوازی هەبوونیان بووە با بڵێین لە مەککەیان مەدینە، شام یان بەغدایان تەنانەت لە ئەستەنبوولدا. هەروەها،

لەسەروبەندو چاخی جیاوازدا جیاوازی بڕیاردەر و لێبڕاو هاتوونە ئاراوە. ئالوگۆڕی، ئەوتۆ دەکرێ لە مێژووی زۆر ڕێکخراو و بزووتنەواندا، تەنانەت لە تاکوتەرایانیشدا بببیندرێ.

لە بناوانەوە، ئەوەندە گرینگ نییە کە لە ڕوانگەی قانوونییەوە یەکێک چەندە بە بەرپرسیار دابندرێ بۆ تیۆری و کردەوەکانی خۆی، زۆربەی بەرپرسیارییەتی دەکەوێتە سەرشانی خەسڵەتی شەخسی ئەوانەی لەو کۆمەڵگەیدا دەژین کە ئەو پاڵیان وێدەدا، واتە بەرپرسیارییەتی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی ئەو جۆرە سەرکوتەی کە بەرەو ڕوویانە. لە کۆمەڵگەیەکی دیمۆکراتیدا، بابڵێین لە چوارچێوەی ستروکتووری دەوڵەتێکی دیمۆکراتیدا، فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان یان فەردوتاک کە مەیلیان لە ڕاپەڕین بێ بە هەژمارێکی ئەوەندە و بەزەبرو زەنگێکی ئەوتۆوە سەرهەڵناهێنن و پەیدا نابن. دروشمەکان و بەرنامەیان ئەوەندە توندوتیژ نابێ و ئامانجیان جیابوونەوە نابێ. بەکورتی، سیاسەت بەو شێوەیە دەرناکەوێ و دەوڵەتیش بەو شێوە توف و توندوتیژە بەرەو ڕووی نابێتەوە. هەر بەو جۆرەی کە ڕێکخراوەکان یان تاکوتەرایان بەشێوەیەکی زۆر بینایتر دەجووڵێنەوە و بە بەر پرسیارییەوە سیاسەت دادەڕێژن، دەوڵەتیش ژیری و پێگەیشتوویی لە خۆیەوە نیشان دەدا و هەر ئاوا بەر پرسیارانە دەجووڵێتەوە وپێگەیشتوویی لە خۆیەوە نیشان دەدا بۆ ئەوەی چارەسەرێک بۆ دۆزەکە بدۆزێتەوە بەر لەوەی بتەنێتەوە و گەورەتربێ. لە ڕاستیدا، پرۆسەی دیمۆکراتی لە ئورووپا لەسەر ئەو زەمینەیە بەرەو پێشچووە، بەڵام کێشەکانی فەردی یان عەشیرەتی کۆمەڵگە دواکەوتووەکان تەنانەت لەوانەیە بەسەدان ساڵ بخایێنێ و بەرێگەیەکی پاشکەوتووانە دا بڕوا. ئەوە زاندراوە کە ئەم بارودۆخە لە باری ئایینی، باوەڕ، وکێشەی عەشیرەتی و خێزانی لە کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتی

نێوەڕاستدا هێشتاش چەندە بەهێزە.

ئەمن ئەو قسانەم کورت کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، پێم وایە دەبێ ئاماژە بەهێندێک لایەنی گرینگ بکەم لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە. ئەگەر پارتی کارگەرێن کوردستان بە تاقە هێزی بەرپرسیاری هەرشتێکی کە بقەومێ دابندرێ، ئێمە ناتوانین لە نێوخۆی پککدا شەخس یان گرووپان ببینین، کە بە داپۆشینی خەسڵەتی واقعی پکک، حەولی ئەوە دەدەن پکک بەمەبەستی [بەرژەوەندی] و ئامانجی شەخسی خۆیان بەکار بهێنن [تەنانەت دەستەڵاتی ئەو تۆ لە ئاستی حکومەتیشدا]. و بەم پێیە ناتوانین لەسەر دەرجەی بەرپرسیارییەتی کە هەرکامێکیان هەیانە، بڕیار بدەین و ئەوەش دەگاتە زنجیرەیەک لە بەرتەک و ڕەدفێعل. هەرهەمان شت دەکرێ لەمەڕ ستروکتووری ڕێکخستنی پکک بگوترێ. تەنیا کاتێک کە دەرجەی بەرپرسیارییەتی لە کۆمیتەی ناوەندییەوە بگرە تا دەگاتە ئەندامێکی سادە، لە قەرارگەی عەسکەرییەوە بگرە تا دەگاتە میلیتانێک بڕیاری لەسەردراو دیاری کرابەو شێوەیەی کە لەسەرەوەدا پوختەکراوە ئەو دەمی دەکرێ بەشێوەیەکی ڕێئالیستی وڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە چ تاکێک یان ڕێکخراوەیەک لە ئاست چ ڕووداو و لە چ مەستەوایکدا بەرپرسیارە.

هەڵبەت ئەمن مەبەستم نییە ئەمە بڵێم کە دەبوو ئەو کارە لە داوای کەیفەرخواستێکی کورت دابکرێ، بەڵام ئەمن مەبەستم لە کاکڵی مەبەستێکی ئەوتۆیە. کەموکورتی و کەمایەسی لە مێتۆددا دەبێتە هۆی پێکهاتنی مەترسی زۆرگەورە.

ئەمن ناتوانم قەبوول بکەم کە باردۆخی خۆم وەک شەخسێک لە دەرەوەی چوارچێوەی تێگەیشتنێکی ئەوتۆدا مامڵەی لەگەڵ بکرێ. دەنا گوتنی ئەوەی «کە تاوان وەپاڵدراو ئعترافی بە هەموو شتێک و تەنانەت

لەوەش زیادتر کردووە» لەبارەی قانوونییەوە لەوانەیە مانایەکی تایبەتی لێ بخوێندرێتەوە ـ ئەگەرچی، لەو بارەیەوە دەربڕین و بەیاناتی ناتەواو و زۆر بە خراپ لێتێگەیشتوو بەکار هێندراوە ـ و ئەوەش بەتەواوی دوورە لەو نوختە سیاسی و ئەخلاقییانەی کە ئەمن دەریان دەبڕم و هەڵوێستەی لەسەر دەگرم. لە ڕوانگەی منەوە نرخاندنێکی کە پڕە لە کەموو کورتی و لەشتی هەڵە لەجیاتی ئەوەی لەسەر خاڵی دروست هەڵنرابێ شیاوی قەبووڵ کردن نییە.

کەوابوو لە کاتێکدا بەرپرسیارییەتی سەرەکی فەردی خۆم قەبووڵ دەکەم لە بابەتی ئیدیئۆلۆژییەوە بگرە تا دەگاتە بەرپرسیارییەتی ڕێکخراوەیی و کردەوەکان، دەوری من لە گۆڕانی ئیدیئۆلۆژی، لەبەرەو پێشچوونەکان، لە خەبات و ململانێی نێو ڕێکخراو و ئەو چالاکی و کردەوە ناعەسکەرییانەی کە بەڕێوە دەچن، هەروەها دژایەتی من لەگەڵ هەموو جۆرە زەبرو زەنگێک جگە لە خۆپاراستن و لەسەر خۆ کردنەوەی مەشروع نەبێ بە هیچ جۆر ناکرێ نکوڵی و حاشای لێبکرێ. ئەوە بۆمن دژوار نییە سەبارەت بەو نوختانە بەڵگەی نووسراوی تێروتەسەل بخەمە بەردەستان. هێندێک وشە یان بەیانات کە لە ئامانجی خۆیان دەردەچن نابێ ببنە هۆی چاو هەڵبواردن لە هەڵوێستی بنەڕەتی من.

## ئاڵوگۆڕ کردنی پارتی کارکەرێن کوردستان لەبەر بەبنبەست گەیشتن نییە بەڵکوو پێویستییەکە

هەڵوەشان و ڕووخانی سیستمی شوورەوی لە کۆتایی ساڵانی ۸۰ هەر ئەو توانایییەی کە ۲۰۰ ساڵ پێشتر لە ئێستا شۆڕشی فرانسە بۆ کارتێکردن لەسەر ئاڵوگۆڕکردنی دیمۆکراتی لەگەڵ خۆی هێنا ئەویش بەلانی کەمەوە لەو ڕادەیە دابوو. ئەو [ڕووداوە] لە ڕاستیدا ڕێگەی

پرۆسەی دیمۆکراتی کردنی لە زوربەی ولاتان لەسەرانسەری دنیادا کردووەتەوە، بەتایبەتی لە بلۆکی ڕۆژهەلاتدا. هەر ئەوەندەی کە شۆڕشی ئۆکتۆبری شوورەوی فاکتۆری دەرەوەیی هەرە گرینگ بووە بۆ کارتێکردن لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی تورکیادا، ئەو رووخان و هەڵوەشانە ئەوەندەش هەلومەرجی قووڵی ئیجابی بۆ تورکیا و کۆمارە تورک ئەژدادەکانی دیکە خولقاندووە کە خۆیان لەسەردەمی بارودۆخی واقیعی شەڕی سارد ڕزگار بکەن کە پێشی بە دیمۆکراتیکردن گرتبوو. ئەوەی کە لیبراوانە زۆر بڕیار دەرترە ئەوەیە کە ئەزموونی سەرەتایی کۆمارخوازی بە ئاشکرایی سەردەمێک بوو بۆ بزووتنەوەی دیمۆکراتی ئەگەرچی لەبن بارودۆخی دژواری زۆر گەورەدا، و لەو دەمییەوە کروچنی کۆمەلأیەتی و سیاسی تورکیا رواڵەتی خۆی بەخێراییەکی زۆر گۆڕیوە، ئەگەرچی ئەو گۆڕانە لە سیستمی قانوونی تورکیادا بەدیارەوە نییەو ڕەنگی نەداوەتەوە. ئەوە لە کۆمەڵگەی کوردیشدا تەجرەبەکراوە، لەو کۆمەڵگەیەدا بەڕێگەیەکی شۆڕشگێرانە و «بەسەر هەڵدان». ئەگەرچی ئەو ڕاستیە بەر چاوەش واتە بوونی کوردان لەباری قانوونییەوە ڕەنگی نەداوەتەوە ـ لەگەڵ ئەوەشدا قەدەغەکردنی زمان، لەو سەر و بەندەدا (سەروبەندی سەرهەڵدان) هەڵوەشایەوە ـ ڕاستی بوونی ئەم زمانە تەنانەت لە پایەی هەرەبەرزی دەوڵەتیش داددانی پێداهێندراوە . ئەوە هەنگاوێکی گرینگی دیمۆکراتییە ئەگەرچی لەباری قانوونییەوە گارانتی نەکراوە. بەلأم لە هەمان کاتدا ئەو سەر وبەندە پڕیش بووە لە تێکهەڵچوونی چەکدارانە.

کاتێک ئێمە باسی واقعییەتی ئالوگۆر لە پکک دا دەکەین بە تایبەتی جەخت لەسەر بەرەو پێشچوونە بەرچاوەکان لە دنیا و لە تورکیادا دەکەین. ساڵانی دامەزراندنی پارتی کارکەرێن کوردستان ساڵانی حاشالێکردنی دڵتاوێن لە ڕاستی هەبوونی کوردەکان و هەروەها نەبوونی هێزی ئیرادەی

کوردەکان لەژێر سێبەری بارودۆخی واقعی شەڕی سارد دابوو. کوردەکان خۆشیان بەپێی سنووره ئیدیئۆلۆژییەکانی زەمانی شەڕی سارد پۆلێنبەندی کرابوون. ئەو سەر و بەندی شەقڵی بەرەیەکی لاوی پێوە دیارە کە تا رادەیەکی زۆر بەسەر ئوردووگەی باڵی چەپ و باڵی ڕاستدا دابەش کرابوو کە بەشێوەیەکی ئانارشیستی دەجووڵایەوە بەبێ ئەوەی لەگەڵ ماناو ناوەرۆکی دیمۆکراتیکردن ناسیاوی هەبێ. بەرنامە و پراتیکی [پکک]ش شەقڵی بۆچوونی دۆگماتیک و ئیدیئۆلۆژیکی بزووتنەوەی رادیکاڵی جەوانانی ئەوان ساڵانی پێوە دیارە. ستروکتووری ڕێکخراوەکان لە تورکیا هەر وەکو ستروکتووری زۆربەی ڕێکخراوەکان لە ماوەی ساڵانی ٩٠. لە سەرانسەری جیهاندا کەوتووەتە بەر ئاڵوگۆڕێکی خولێنەبوێر. ئەوە لە ئێستاوە لەبەر چاوانە و لە پێشە ڕۆژ دا ئاڵوگۆڕی ئەوتۆ زیادتریش دەبێ. پارتی کارکەرێن کوردستان لەبەر سەرقاڵبوونی بەکێشەیەکی چەکداری چڕوتوندوتیژەوە دەبێ پێشوەچوون و ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەخۆیەوە ببینێ. جا لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئەمن دەستم لەبەرنامەو دروشمی پروپاگاندەی کۆنی پکک هەڵگرتووە و بەدوای شتی تازەدا گەڕاوم و ئەوەش بەبنبەست گەیشتن نییە بەڵکوو دەربڕی شێلگیری و باوەڕ بەخۆبوونە. ئەوەی کە هەڵدەگرێ ڕەخنەی لێ بگیرێ ئەو ڕاستییەیە کە ئەم [ئاڵوگۆڕە] وەدرەنگی کەوت و ئەوجۆرەی دەبێ بە ڕوونی گەڵاڵە نەکرا و بەجوانی لە کۆنگرەکان و بەرنامەی پارتی کارکەرێن کوردستاندا ڕەنگی نەدایەوە. پێویستی ئاڵوگۆڕ ناکرێ حاشای لێبکرێ. جابۆیە بەسەر بەرنامەدا بازدراوە، واتە ئەو فورموولانەی لەمەڕ دەوڵەتێکی جودایان هەستییەکی دیکەی ئەوتۆ لەبەرنامەدا هاتوون سەلماندوویانە ڕیئالیست نین و پێویست نین. ئەوە ئەم شتەیە مەبەستی ئێمەیە کاتێک دەڵێین کە ئەوان ساڵان بەشێوەیەکی بینابی دەکارنەکران و هەر تەنیا

دووپاتەکردنەوەی یەکتر بوون. لە تێکۆشان بۆ زاڵبوون بەسەر [ئەو فورموولانەدا] ئەمن گوتوومە ـ و ئەمە دەکرێ لە زۆر سەنەد و بەڵگاندا ببیندرێ ـ کە سەربەخۆیی و ئازادی دەکرێ بە شێوەی هەرە پێشکەوتووانە، هەرە پراتیک، و هەرە پڕماناو ناوەڕۆک لە چوار چێوەی سنوورەکانی تورکیادا وەدی بێ. ئەوە تاکتیکێکی تەنگ و بەرتەسک نییە، بەڵکوو ڕوانگەیەکی پێگەیشتوویە کە ڕیشەی لە ئەزموونی ئەو دەرسە گرینگانە ئاودەخواتەوە کە ژیان فێری کردووین. ئێمە بەو هەڵوێستەش گەیشتووین کە ئەگەر ئێمە بمانەوێ لەگەڵ دەوڵەت بین، ئەوەش ئەوکاتە [لەگەڵ بوونێکی] هەرە بەماناو پڕ ناوەڕۆک دەبێ کە لە چوارچێوەی کۆماری تورکیایەکی دێمۆکراتیکراو دابێ، و ئەو هەڵوێستەش بە سەنەدو بەڵگەوە لە هێندێک لەو قسانەی مندا هەن کە بەر لە گرتنم کردوومن.

ئەوە نابێ بە بێ ئینسیجامی لە قسەکانی مندالێکبدرێتەوە کاتێک لە سەفەری خۆم بۆ ئورووپادا باسی ئەو سەفەرەم وەک حەولێک [لەلایەن کوردەکانەوە] بۆ بوون بە دەوڵەت کرد و لە هەمان کاتدا ئەو هەڵوێستەی سەرەوەشم ڕاگەیاند. ئەگەر جودابوونەوە لایەنی زاڵی [هەڵویستی من ببوایە] ئەو دەمی دەکرا باسی بێ ئینسجامی لەقسەکانمدا یان پەشیوانی و پاشگەز بوونەوەم کرابا. بەڵام بە لەبەر چاوگرتنی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی گشتی من سەبارەت بەویست و ئیرادەی کوردەکان لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ئینسان دەتوانێ ببینێ کە [ئەو هەڵوێستە] ﺡ بێ ئینسجامی تێدا نییە. بۆ نموونە، هەموو کەس دەڵێ فۆرماسیۆنێکی سیاسی کوردی لە باکووری عێراقدا هەیە، تەنانەت دەوڵەتێکی فیدێرالیش، کە ئەوەش بە بەرچاوی لێخوردبوونەوەی نزیکی تورکیاوە پێکهاتووە. ئەوە نیشان دەدا کە پرۆسەیەکی دەوڵەت ـ دروستکردن بەو

مانایەی وشەکە لە گۆڕیندایە و دەوری تورکیا و پکک لەو بارەیەوە بەرچاو و بەدیارەوەیە و حاشاهەڵناگرێ. پێشوەچوونێکی دیکەی ئەوتۆش کە حاشای لێناکرێ دەستەلاتی سیاسی هەرێمی HADEP ە . کە ئەمن پێی دەڵێم دەستەلاتدارییەک بە ڕێگەی سەرکەوتن لە هەڵبژاردنی هەرێمی و شارداریەکان لە زیادتر لە چل جێگەیاندا. ئەوەش بێگومان مانای پرۆسەیەکی دێمۆکراتییە بۆ دەوڵەت ـ دروستکردن بەو مانایەی کە یەکێتیەک لە ئیرادەی سیاسی دا هەیە لەسەر زەمینەی کۆمارێکی دێمۆکراتیدا، بۆ یەکەمین جارئیرادەیەکی سیاسی ئاوا یەکگرتوو خۆی لە کۆمەڵگەی کورددا نیشانی داوەو خۆی ئاوا ڕێکخستووە کە بەشێک بێ لە دەستـــەلاتی دەوڵەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی یەکـپـارچە (UNITARY)دا. کە وابوو ئەوە چ بێ ئینسجامی یان ناپاکی نییە کاتێک ئەمن باسی پرۆسەی دەوڵەت دروستکردن [لەلایەن کوردەکانەوە] دەکەم بەڵکوو ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمن قـامک بۆ واقـعـیـیـەتێکی بەرچاو ڕادەدێرم. ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە ئەوە گرێ و بنبەستێکە ئەگەر سیاسەتێکی وا دابڕێژرێ و ئینسان بیبەوێ ببێ بە دەستەلات [لە چوارچێوەی دەوڵەتێکدا] لەسەر ئەساسی جودابوونەوەی بەرچاوتەنگانەدا. بەلام جێگەی خۆکردنەوە لە ستروکتووری دەوڵەتیدا و بوون بە دەستەلاتی سیاسی لەسەر ئەساسی بەشداریی دێمۆکراتی لە چوارچێوەی یەکێتیی تورکیادا لە خۆیدا پێشوەچوونێکی مێژووییە. سەرەرای هەموو جۆرە بەربەست کردن و تەگەرە و لەمپەران ئەو پێشوەچوونە هەنگاو بە هەنگاو باوی خۆی خۆش دەکا.

ئەوەی ئەمن حەولمدا لە تێزەکانی خۆمدا سەبارەت بە چارەسەرێکی دێمۆکراتی دەریانببڕم تەنانەت ئەگەر د ڕەنگیش بووبێ و بەوشێوەیە گەلاڵە نەکرابێ کە دەبووکرابا بریتین لە پێشبینی و ئیرادە بۆ دانپێدا ـ

هێنان بەو پێشوەچوونە مێژووییە و بەشداریکردن تێیدا. ئەمە نەحەولێکی تاکتیکییە بۆ خۆپەڕاندنەوە و نە پاشگەزبوونەوەیەکی بێ پرێنسیپانەیە. ئەمە حەول و تێکۆشانی منە بۆ فێربوونی دەرسێک لە پێشوەچوونە بەربلاوەکان لە ئاستی جیهانیدا کە ئێمە هەموو ڕۆژێ شاهیدی یەک لە نیشانەکانی ئەوین، بۆ ئەوەی گیرەوکێشە هەرەگرینگ و چارەسەرنەکراوەکانی خۆمان بخەینە پێشەوە بێگوێدانە ئەو هەلومەرجەی منی تێدام و بۆ گێڕانی ئەو دەورەی کە ئەمن وام چاوەڕێ لێدەکرێ بیگێرم. دەبێ ئەوەش بسەلمێنم کە ئەوە هەولێکی کافی نییە بۆ پوختەکردنی هێندێک تێز بۆ بەرنامەیەکی نوێ بۆ پارتی کارکەرێن کوردستان و ڕێبازێکی سیاسی لەمستەوایکی قانوونیدا کە ئەمن پێم وایە ئەمە تێکۆشانێکی دڵپاکانە و دروستە و ئاکامی تەجرەبەی تیۆری و سیاسی یە کە لەسەر بنەمای کۆبوونەوەی زانست و تێگەیشتوویی دوورو درێژ داندراوە. ئەمن گومانم لەوە دانییە کە تێگەیشتنی دروستی ئەو بیرانەی ئەمن تێکۆشاوم بیانهێنمە گۆڕێ بە شێوەیەکی بینایی و گرینگ یارمەتی دەکەن بەزاڵ بوون بەسەر ئەو گیرو دژوارییانەی وا لەبەر دەم دێمۆکراتیکردنی گشتی قوت بوونەتەوە و هەروەها لە ئاست کێشەی کورد کە بە ئەرکی خۆی دادەنێ دەورێکی کلیلی تێدا بگێڕێ.

## ئەوە راستە کە ئەمن خەبات وململانییەکی نێو خۆێم سەبارەت بە تێگەیشتنی پارتی کارکەرێن کوردستان لەمەڕ ڕێکخستن و کردەوەکانی بەرێوە بردووە

لە قسەکردن سەبارەت بە بەرپرسیارییەتی من لە پارتی کارکەرێن کوردستان دا، ئەوەش دەگونجێ کە [ئەو بزووتنەوەیە] وەک «ڕاپەڕینی کوردی» هەرە دوور درێژ و هەرە بەربلاو و بەرین نێودێر بکرێ و لە

راستیدا ئەوەش ڕئالیستە کە باسی لایەنی پڕ لە ژان و بێ بە زەیبانەی ئەو ڕاپەرینە بکرێ. بەلام هەرکە ئێمە گەیشتینە سەر باسی لایەنی بەرپرسیارییەتی و سەلاحییەتی فەردان و ستروکتوورەکانی نێوخۆی پکک، ڕاستی بەشێوەیەکی جیاواز خۆی دەردەخا.

زۆر زەحمەتە بگوترێ کە کردوەوە [عسکەرییەکان] لە ژێر سەرۆکایەتی پارتی کارکەرێن کوردستاندا بە تەواوی گەیشتوونەتە مستەوای شەڕێکی پارتیزانی تەواو بەمانای ستراتێژی و تاکتیکییەکی بنچینەیی. تەنانەت لەوەش هەلترە ئەگەر وا دابندرێ کە بەو شێوەی شەخسە هەرە پایەبەرزە بەرپرسیارەکان شەڕیان بەرێوە بردووە بەو چەشنەی بووبێ کە ئەمن ویستوومە ببێ. ئەوە شیکردنەوەیەکی زۆر بەجێ و دروستتری کۆمەلناسانەیە ئەگەر بگوترێ کە پاشماوەکانی دواکەوتوویی عەشیرەتی، خێزانی و ئایینی کە ڕیشەی لە ستروکتووری قوولی فیودالی کۆمەلگەی کوردی دا بووە بە دابەشبوون و دژایەتییەکانییەوە کە بەسەدان سالە خۆیان ڕاگرتبوو زیندووبوونەوە و دەستیان بەقسە کردن و خۆدەربڕین لە نێوخۆی پکک کرد. هەرکەسێکی لە [کردەوەی عسکەری]دا بەشداری دەکا پێی وایە «ئەوەی من دەیکەم قانوونە» ئاکار و پراتیکێک لە خۆیەوە نیشان دەدا کە تەنانەت لە ڕێوشوێنی نەزمی کۆمەلایەتی فیودالیشی تێدەپەڕێنێ، و گوێ ناداتە جەوهەری ڕێوشوێن و تەعلیماتی ڕەسمی بەرێوەبەری پکک. بەتایبەتی لە سالی ١٩٩٧، لە ژێر ناوی پەلامارێک بە دژی کۆروجووەکان، هێرش کرایە سەر خەلکی بێچەک، کە لەنێو ئەواندا ژن و مندالیش هەبوون، ئەوانە هیچکات نە دەبووبن بە سیرەی هێرشی عسکەری. هەر ڕاست لەو سەروبەندیدا هێندێک کەس بەتەواوی تەنانەت لایەنە بەرتەنکەکانی ئیدیئۆلۆژی و سیاسی پکک یان پێشێل کرد و بە هێندیان نەگرت بە حەول دان بە دەستپێکردنی ململانی

و خەبات بۆ وەدەستهێنانی دەستەلاتی نێو خۆیی بەرێگەی گوتنی ئەوەی کە «ڕووناکبیران دزڕاندوویانە» و «جوتیاران دەستەلاتیان بە دەستەوە گرتووە» و حەولیاندا بۆ لە نێوبردنی بایەخە ڕاستەقینەکانی پارتی. ئەوان ئەو سەرچاوانەیان بەکارهێنا کە دەستیان بەسەردا گرتبوو بۆ ئەوەی نوێنەرایەتی پارتی بخەنە دەست خۆیان و لە هەمان کاتدا حەولیان دا تاکوتەرایان بخەنە ژێر کارتێکەری خۆیان. ئەمن نێویان دەنێم «دەستەودایرەی چوارکەسی» لەبەر ئەو کەسانەی کە ئەو حەولەیان بەرێوە دەبرد. ئەمن بە گرینگی دەزانم خەڵک بزانن کە ئەمن لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٧ - ١٩٩٧دا خەریکی خەباتێکی توف بووم لە دژی ئەوە. ئەمە بەلێبڕاوانە ڕادەی بەرپرسیارییەتی گشتی من زیادتر ناکا، بەڵام گرینگە بۆ لێتێگەیشتن لە هەڵوێستی« ئەخلاقی، سیاسی، ڕێکخراوەیی و پراتیکی من. تێگەیشتنی دژوار نییە بزاندرێ ئەو کردەوانەی کە زیاتی هەرە زۆریان بە [ناوبانگی] پێک گەیاند بەشێوەی سەرەکی لەو سەروبەندەدا قەومان. ئەو جۆرە کەسانە ئەو دەستکەوتانەیان بەکار دەهێنا کە ناوچەی دەروەوەی شارانی [شەڕی پارتیزانی] بەباشی لەبەر دەستی نابوون و ئەوەیان بەرێوە دەبرد کە دەیانزانی، زۆرجار بە داپۆشینی کارو کردەوەکانیان بە درۆ و دەلەسە. ئەوان تەنانەت دەستیان لەوەش نەدەگێڕایەوە سزای هاوڕێی هەرە نزیکی خۆشیان نەدەن یان هێندێک لە لایەنگران لە ناو گەلدا و ئەوەش بەبڕوبیانووی پووچ، هەر بۆ ئەوەی کە نفووزو دەستەلات وە دەست خۆ خەن. ئێمە لێرەدا لەگەڵ شێوەیەکی زۆر بە مەترسی خەسڵەتی پاشکەوتوویی دەستەلات لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەرەوڕووین، واتە بێبەزەییەتی، سەرەڕۆیی خاوەنموڵکە فیوداڵەکان و ڕێبەرانی عەشیرەتی. هەمان شت [بەدەم خەباتی ڕزگاریخوازانەوە] لە زۆرێک لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا، بۆ نموونە لە ئافریکا، قەومان و لە

هەواڵنامەی کتێب

ڕابردووی هەموو گەلێکدا. هەمان خەسڵەتی فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتییەکانی کوردی لە باکووری عێراق کە بە بەربڵاوی ناسراون. لەوەش دەرچێ، سلسلەی عوسمانی تەنانەت برا کوژی بۆ وەدەسهێنانی دەستەڵات کردبووە فەرمان. کاردێکی مستەفا کەماڵ لە ماوەی شەڕی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا بەناوی تۆپاڵ عوسمان جەببارانە ئەندامێکی پارلمانی لە نێو پارلماندا داکوشت، خەڵکی بە زیندوویی بە چاڵ دەکرد تا ئەوەی کە بەپێی فەرمانێکی تایبەتی ئاتاتورک کوژرا. ڕووداوی ئەتۆی دیکە لەمەڕ ئەتەم [سەرۆکی خۆڕاگری چەرکەس بە دژی بریتانیاییەکان] قەومان کە لەوانەیە شیاوی لێخوردبوونەوە بێ. ئەمن ئەو نموونانە بۆیە باس دەکەم بۆ ئەوەی بڵێم بێ بەزەیی ئەوتۆ زۆرجار بە دەم ڕاپەڕین یان شەڕە پارتیزانییەکاندا دەقەومن. بەڵگەی تەواو بە دەستەوەیە سەبارەت بە خەباتی نەپساوە بە دژی ئەو کەسانەی [کە لە نێو خۆی پککدا] وەکو چەتە دەجوولانەوە.

ئەوە باش زاندراوە کە حەولی زۆری پەروەردەیی و ڕێکخراوەیی بەدژی ئەوان دەدراو ئەوانەی زیادتر لە هەموان لایان دابوو تەنیا دەکرا بەرێگەی خەباتی نێوخۆییدا بێکەلک بکرێن.

کەوابوو لە کاتێکدا ئەو شەڕە نێوخۆییانە لە ماوەی ساڵانی ۹۰دا کراون، بۆچی دادئەستێنەکان لیستەیەک بە دەستەوە دەدەن کە بەگشتی ئاماژە بە تێکدان و خەسارەکان دەکا؟ وڵام دەکرێ لەوەدا ببیندرێتەوە ئەگەر ئینسان ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە هەم تێکهەڵچوونی نێوخۆیی و هەم تێکهەڵچوونی دەرەکی لە ماوەی ئەو سەروبەندەی دا باس کرا تێکهەڵچوونی هەرە توندوتیژ بوون. ڕاپۆرتی ڕەسمی سوسورلوک [سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی پارلەمانی لەمەڕ پێوەندی نێوان هێزەکانی پۆلیس، مافیای نارکۆتێک و جۆخەکانی مەرگی فاشیست و

سیاسەتمەداران] بە ئاشکرایی ڕادەگەیێنێ: کە بە تایبەتی لە سالی ١٩٩٣وە تا ١٩٩٦ زنجیرە ڕووداوێکی زۆریش لە دەرەوەی کۆنترۆلی دەولەت قەومان، بە تایبەتی سەبارەت بە هێرشەکانی جوخەی مەرگ و بزربوونەکان، و ئەوەش کە دەولەت هێزی خۆی بەرێگەی ناقانوونیدا بەکار هێناوە، و ئەو [ڕاپۆرتە] باسی هەبوونی ستروکتووری چەتەگەری هێشتا ئاشکرانەبوو [لەنێوخۆی دەولەتدا] دەکا. بەپێی هەژماری ڕەسمی، نزیکەی ١٨٠٠٠ کەس لەلایەن بکوژی ناناسراو ڕاکوژراون. ئەو هەژمارە بە دژی پکک دەکار دەکرێ: [ئەگەرچی: دەولەت دەیسەلمێنێ: نازانێ: کێ ئەو خەلکەی کوشتووە]. بە کورتی، ئالۆزی و تێکەولێکەیی ئەو بەتەواوی زۆر بوون. و ئەوەش زۆربەی لەبەر کێشە لەگەل پارتی کارکەرێن کوردستاندا. ڕووداوی ئەوتۆ و تەنانەت بێ: بەزەییانەتریش لە بۆسنیا، کۆسۆڤۆ و لە ڕابردوودا لە فەلەستین و ئایرلەند بەدەم کێشەی چەکدارانەوە قەوماون. بە لەبەر چاوگرتنی ئەو زەمینەیە ئەوە شیاوی تێگەیشتنە کە دژوار بوو پکک کۆنترۆل بکرێ: کە بۆ یەکەم جار ببوو بە دەستەلاتێکی سەرەکی و نەیدەویست ئەو هەلوێستە لەکیس بدا، بەتایبەتی بێتوو چلۆنایەتی ئەو تاکو تەرایانەکە [بەشەڕ کردن لە پککدا] گەورە ببوون: لەبەرچاوبگیرێ: پارتی کارکەرێن کوردستان لەوەدا سەرنەکەوتووە کە ببێ: بە هێزێکی عەسکەری ئەرتەشیانەی ئاسایی [هەرکام لە کردەوەکانی بەپێی فەرمان و تەعلیمات بەڕێوە دەچن]. ئەگەرچی لەوبارەیەوە حەولی زۆریش درا، بەلام سەرکەوتن بەرتەنگ بوو، ئەمن ئەوە نالێم بۆ ئەوەی تێیدا نەبینم. ئەمن ئەوە دەلێم بۆ ئەوەی واقعییەت ئەو جۆرەی هەیە لێی تێبگەیشترێ: ئەمن زۆر فەرمان و تەعلیماتم دەرکردووە، ئەمن زەحمەتی زۆرم کێشاوە بۆ پەروەردەکردنی [کادرەکانمان]، بەلام ئەوانە بەس نەبوون بۆ ئەوەی بیروبۆچوونەکانی من و ڕێبازی تاکتیکی ڕەسمی ڕێکخراوەکە

بەرێوەبچن و جێبەجێکرێن، هەموویان بەرتەنگ و چلونیوەچڵ بوون، دەستپێشخەری فەردی یان ناوچەیی زاڵ بوون. ئەوە راستی ئەو ڕووداوانەن کە بوونەتە هۆی ژان و ئێشی گەورە لە نێوخۆو لە دەرەوەی ڕێکخراوەکەماندا، ڕووداوی ئەوتۆی کە ناکرێ پەسندبکرێن و نیشانەی خراپییەکی ئاشکران. لە ماوەی ئەوسالأنەی دواییدا ئەو ڕووداوانە کەمتر بوونەتەوە تا ئەو ئەندازەیەی کە مرۆ دەتوانێ بڵێ ڕووداوی ئەتۆ چیدی ناقەومێن چونکوو ئەو کەسانەی باسکران و ئەو ستروکتوورانەی ئەو جۆرە ڕووداوانەیان دەخولقاند تا ڕادەیەکی گرینگ بێکەلک کراون. و ئەوەش لە سایەی خەباتی نێوخۆییەوە مەیسەربووە. ئەمن پێم خۆشە ئەوە جەخت بکەمەوە کە ڕووداوی ئەوتۆ بە ئەندازەی ئەوەی کە لە کێشە بەزەبروزەتگەکانی دیکەدا قەوماون ڕوویانەداوە و بە پێچەوانەی هەموو پروپاگاندەکانی [حکوومەت] ئەوان تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەی ئێمەدا کەمتربوون. چاوەدێرێکی ئوبژێکتیڤ بۆی زەحمەت نابێ دەرەجەی بەرپرسیاریەتی شەخسی منی لەو بارەیەوە بۆ ڕوون بێتەوە.

بارودۆخێکی ئاوا، و تەنانەت زۆر جێی سرنجتر ئەوەی بوو کە دوای سالأنی ١٩٩٦، کاتێک دەوڵەت دەستی بەوە کرد کە کۆنترۆڵ وە دەست بهێنێتەوە بەسەر ستروکتوورەکانی خۆیدا و هێرشەکانی جوخەی مەرگ گەیشتە لانی کەمی خۆیان. بە کورتی، ئەمن بە گرینگی دەزانم کە هێندێک ڕووناکایی بخەمە سەر بەرپرسیاریەتی ڕێکخراوە و بەرپرسیاریەتی شەخسی خۆم لەوان سالأندا کە شانۆی ژان و کەسەرێکی زۆر و لە کیسدانی زۆر بوون چ لەباری ژمارە و چ لەباری چۆنییەتییەوە. تاوان وە پاڵدانی وەک «بکوژی ....٣کەس» و «بکوژی مەلۆتکە» تاوانی ناموسیفانە، ناعادلانە و ناڕاستن. ئەمن لە دژی قسەی ئەوتۆم ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەیە کە خەباتێک لە گۆڕێ دابووە بۆ ژیانێکی

مەشرووعی ئینسانی و زۆر قوربانی دراوە بۆ کۆمەڵگە و کۆمارێکی زۆر دیمۆکراتیتر. جا ئێستا ئەگەر ئەو [خەباتە] ئەو جۆرەی نەبووە کە دەبوو ببێ و ئەگەر ڕووداو کووژرانی ئەوتۆ قەوماون کە ئەمن قەت پەسندی ناکەم و لەباری سیاسی و ئەخلاقییشەوە ناکرێ پەسندبکرێن، عەدالەت ئەو دەمی وەدی دێ و مەیسەر دەبێ کە بەرپرسیارییەتی ئۆبژێکتیف و سوبژێکتیڤی هەر دووک لا بە دروستی دیاری بکرێ و یەکلابکرێتەوە. ئەمن یەک لە شەخسە بەرپرسیارە سەرەکییەکانم، بەڵام ئەمن تەنیا شەخسی بەرپرسیار نیم. لەو ڕاپەڕینە کۆمەڵایەتییەدا، کە داوخوازە دیمۆکراتی و کولتوورییەکانی چەندین جار بەرەسمی ناسراوە بەبێ ئەوەی هەنگاوی پێویستی جێبەجێکردنی هەڵبهێندرێتەوە، هەموو کەس لە بەرزترین ئۆرگانەکانی دەوڵەتەوە بگرە هەتا خەڵکی دواکەوتوو و گەوج، ئەشخاسی زاڵم، هەموومان بەرپرسیارین. تێگەیشتن لەوە بەزووییەکی زوو و کردنی ئەوەی لە دەستماندێ پێویستییەکە بۆ تەفاهومێکی دروستی سیاسی و ئەخلاقی. سیستمێکی قانوونی عادلانە تەنیا دەتوانێ لە فەلسەفەیەکی ئەخلاقی ئەوتۆوە پەیدابێ و لەسەر ئەساسی سیاسەتی دیمۆکراتی.

ئەوە ئەم قسانەن کە ئەمن دەبێ سەبارەت بە بەرپرسیاییەتی خۆم لەمەڕ تێکهەڵچوونە چەکدارییەکان، تەلەفات و خسارەکان و ئەو واقعییەتە بەژان و دەردانە بیانکەم کە گۆیا ئەمن بە بەرپرسیاریان دا دەندرێم. ئەمن هیچ گومانم لەوە دانییە کە ئەوە ئەمنم کە داوخوازی هەرە زۆرم هەیە و ئەمن ئەو کەسەم کەشیاوی هەرە زۆری ئاشتی لە عەدالەتدام. ئەمن هەمیشە ئەو هێزیانەی هەمە بەکار دەهێنم و حەول دەدەم ئەوەی بکەم کە ئەرکی منە، و با لەو بارەیە ج دڵەراوەکەیەک نەیەتە گۆڕێ.

## دوو ڕێگا و دوو ئاکامی مێژوویی لە

# پێوەندی نێوان تورکیا و کوردەکان و ڕاپەڕینی کورددا

نەبوونی بۆچوونێکی زانستی - دێمۆکراتیک سەبارەت بە مەسەلەی کورد هۆی بنەڕەتییە بۆ ئەوەی تورکیا نەیتوانیوە بگا بە دێمۆکراتیکردنی نێوخۆیی و ئەو دەورە سەرەکییەی کە لێی دەوەشێتەوە لە پێوەندییەکانی دەرەوەی خۆیدا بیگێڕێ و ئەوەش لەوەتا دامەزرانی کۆمار [تا ئێستا] ئاوابووە. تاکوو ئەمڕۆ، شێوەی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتە [مەسەلەی کورد] بریتی بووە لە ڕاپەڕین و سەرکوت لە هەر دووک لاوە، بێ ئەوەی هیچ لایەک دەرس لەو تەجرەبەیە وەربگرن هەریەکتریان ئازار داوە. نە لە لێکدانەوەی [هۆی ڕاپەڕین] و نە لە مامڵەکردن لەتەک مەسەلەکەدا بۆچوونێکی زانستی لە گۆڕێدا نەبووە. ترسی دوولایەنەو بەرژەوەندی ئابووری یان بەرژەوەندیی ڕۆژانەی سیاسی گوشاری ئەوەندە بەهێز و گوڕبووە کە چ ئاکامێک وە دەست نەهاتووە ، گشت مەسەلەکە تەنیویەتەوە و گەورەتر بووەتەوە. جاری وا هەیە وای بۆ چوون کە سزادانێکی تەواوی تاوانکاری کێشەکە جێبەجێ دەکا، جاری ئاواش هەبووە هێندێک ئیمتیاز دراوە بە فیوداڵێکی سەرۆک عەشیرەت یان ڕێبەرێکی ئایینی کەسەری هەڵهێناوە و بەو شێوەیە باردۆخەکە هێمن کراوەتەوە، جار جاریش وای بیرلێکراوەتەوە کە هەموو شتێک بەرێگەی هێندێک ئیمکاناتی پەروەردەیی و پێشکەوتنی ئابووری ڕا جێبەجی دەکرێ ویەکلا دەکرێتەوە. لەبەر ئەوەی کە ئەو جۆرە حەولانە بەشێوەیەکی پەرەگرتوو لەسەر ئەساسی حاشاکردن لە [هوویەتی کوردی] داندرابوون تەنانەت جووڵانەوە و بزووتنەوەیەکی بچووکیش کە حەولی دا با بەپاڵپشتی ئەو مەسەلەیە بێتە مەیدانێ بەوە تاوانبار دەکرا کە ڕادیکاڵ

هەواڵنامەی کتێب

بێ و مەحکووم دەکرا.

ئەو رۆژانە هەمووکەس باسی رادیکالیزمی پارتی کارکەرێن کوردستان لە مێتۆدەکانی دا دەکا بەبێ ئەوەی لێیخوردببنەوە و ببینن کە حوکمبەدەستان (فەرمانرەوایان) لە باری مێژوویی و سیاسییەوە چلۆن جوولاونەتەوە. ئەو سەرکوتکردنەی ئەوەندە بەربلاو دەبێ کە دەگاتە قەدەغەکردنی زمانێک پێویستە هەموو جۆرە بەرەنگاری و بەگژداهاتنەوەیەک بە دژی خۆی بورووژێنێ، بەرەنگارییەکی توندوتیژ و ئەوەش دەبێتە هۆی بەرپێکەوتنی شەپۆلێکی تری سەرکوتکردن و دامرکاندنەوە. دەبێ تا ئێستا ئەوە روون بووبێتەوە کە بۆچوونێکی تەسک و تەک رەهەندی و نامێژوویی لە ئاست ئەو مەسەلەیە خزمەت بە ج مەبەستێک ناکا لە خۆشتر کردنی ئاگری کێشە کە نەبێ و ئەندازەی دەگەیێنێتە هێندەی چیاکان. لەسەردەرانەی ساڵی . . . ٢دا هەموو کەس بگرە لەباری جەستەییەوە هەست پێدەکا کە تورکیا لەبەر مەسەلەی کورد بەتەواوی بەبنبەست گەیشتووە، لە کاتێکدا هێندێکان، بە تایبەتی ئەوانەی هەڵسووڕاوانە لە شەڕدا بەشدارن، تووشیان بە تووشی ژان و ئازاری لە رادەبەر و لەکیسدانی زۆرەوە دێ، تویژێکی بچووک شێوە ژیانێکی تایبەتیان بۆ خۆیان پێکەوەناوە و خەریکی بەندو بەستی سیاسیان بە رێگەی وە دەستهێنانی بەرژەوەندی بێ ئەژمار و دەستەڵاتی سیاسی کە لە سایەی درێژە کێشانی شەڕ دەستیان کەوتووە. بێ گەورە کردنەوە، دابەشبونێکی کۆمەڵایەتی کار دامەزراوە. ئەو راستیە دەورێکی گرینگ دەگێڕێ لەئابووری شەڕ، لە داوەشان و لادانی قووڵی کۆمەڵایەتی و دەستەوەستان بوون و لە بەستچوونی سیاسی لەو ساڵانەی دواییدا.

وەک ئەوە وایە تورکیا مەحکووم بەو چارەنووسە کرابێ و ئەوە بووە بە عادەتێکی بەر بلاوی کۆمەڵایەتی کە هەر کەسەی لە فکری بەرژەوەندیی

شەخسی ڕۆژانەی خۆی یان بەرژەوەندیی گرووپی دابیٔ لە جیات ئەوەی کە بە دوای چارەسەرییەکدا بگەڕیٔ. ئەوە بارودۆخێکی بەکجار بەمەترسییە بۆ هەموو کۆمەڵگەیەک. کاکڵی ئەو بنبەست و چاڵاوە نەبوون و بزر بوونی تەواوی بیروڕای بینایی سیاسی یان نۆرمە ئەخلاقییە سەرەتاییەکان لە نێو هێزە هەڵسووڕاوە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەک و بیٔ هەستی لە ڕادەبەدەری هێزە دەوڵەتییەکانە لەلایەکی دیکەوە.تا ئەو کاتەی کە ئەم موازەنەیە کۆتایی نەیەو با هەر لەو کونەوە بیٔ هیچ جۆرە پێشکەوتنێکی تورکیا هەر بەخەیاڵیشدانایە.

لە سەرەتای سالأنی ۹۰دا پێشوە چوونێکی بەرتەنگ سەبارەت بە بۆچوونێکی زانستی و دیٚمۆکراتی لە مەر دیٚمۆکراتیکردن بە گشتی و بەشی هەرە گرینگی، واتە مەسەلەی کورد کەوا چاکە بەناوی خۆی هەڵبدریٔ هەبوو. ئەو ڕاستییەکە لەو دەرفەتە کەلک وەرنەگیرا بوو بە هۆیٔ تەقینەوەی ئەوتۆ کە کارتێکەری هەرە تێکدەرانەی لە مێژووی تورکیادا هەبووە. پێداگرتنی بیٔ ماناو پووچ لەسەر بەردەوامکردنی شەڕ ڕەهەندی خەسار و تەلەفاتی ئەوەندە گەورە کردووەتەوە کە زەحمەتە هیچکام لەلایەنەیەکی کێشەکە بتوانن بەرگەی بگرن. لەسەر و بەندی ئیمەدا هەڵوەشان و داوەشانی کۆمەلأیەتی و چلێسی بەرچاو تەنگانەی ئابووری گەیشتووەتە ئەو پەڕی خۆی.

ئەمن نامەویٔ زیادتر لە سەر ئەو بابەتە بڕۆم چونکوو ئەو باسە لە داوای کەیفەرخواستی دادئەستێن و ئاخر وتەکانی داو هەروەها لە بەیانییەی پێشووی بەرگری منیشدا بە دوور و درێژی باسی لێوە کرابوو. دادگەی ئیمرالی بۆخۆی خسڵەتی ئەوبنبەستە دەدرکێنیٔ و لەسەر بناغەی ئەو واقعییەتە مێژوویی، کۆمەلأیەتی و سیاسییانە داندراوە. کە وابوو داخودا ئەم دادگەیە هەر خۆی بە نەریتی داوەری سیاسیەوە گریٔ دەداو

خزمەت دەکا بە قووڵتر بوونەوە و توندوتیژتربوونی مەسەلەکە؟ یان دەیەوێ سووکە لادانێک بکا بۆ بەرژەوەندی پرس داهێنان لە پێشە رۆژ، بەلانی کەمەوە سەبارەت بەشێوەی بۆچوون بۆ مەسەلەکە؟ ئەوانە پرسیاری هەرە فەوری و دەستبەجێن و پێویستیان بە وەڵامی دەرحاڵ و دەستبەجێ هەیە. ئەو وەڵامانەی دادگە دەیانداتەوە بەو پرسیارانە دیاری دەکەن کە ئەو دادگەیە تاچ رادەیەک دەیەوێ فەرقی هەبێ لەگەڵ دادخوازییە کلاسیکییەکان. بەڵام ئەمن تەنانەت ئێستاش پێم وایە کە هەم لە کۆمەڵگەدا و هەم لە ئاستی حکوومەتدا ـ چ نێو تورکیا و چ لە هەندەران ـ موناقەشە و لێدوانی گەرم سەبارەت بەو دوو پرسیارانە و وەڵامەکانیان لە گۆڕێدان و ئەو موناقەشانە ئاکامیان لێ دەردەکەوێ.

ئەمن بە ئەرکی مێژوویی خۆمی دەزانم ئەو پرسیارانە لە روانگەی خۆمەوە وەڵام بدەمەوە. ئەو وەڵامانەی ئەمن بەو پرسیارانەی دەدەمەوە جەوهەری بەرگریکردنی من پێک دەهێنێ. تا ئەو جێگەی کە دەگەڕێتەوە سەر باسی بەرپرسیارییەتی من بۆ سەرهەڵدان و پێشوەچوونی مەسەلەی کورد و راپەڕین، ئەمن واهەست دەکەم کەلایەنی هەرەگرینگی بەرپرسیارییەتی من ئەوەیە کە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەمەوە کە ئێمە دەبێ چاوەڕێی چ جۆرە پێشە رۆژێک بکەین لەو کێشەیە یان راپەڕینە و نەزم و نزامێکی نوێ بە چ شێوەیەک دەکرێ پێکبهێندرێ. ئەمن بەتەواوی لەسەر ئەو قەناعەتەم کە وەڵام دانەوە بە پێشە رۆژ هەر هەمان گرینگی سەروماڵیان هەیە وەک ئەو وەڵامانەی کە لەمەڕ رابردوو دەدرێتەوە.

هیچ شتێک ناتوانێ لەوە نابەدڵتر بێ کە بەپێی پێوانەی بەرتەنگی قانوونی جینایی داوەری لەسەر پارتی کارکەرێن کوردستان بکرێ. ئەمن حەول دەدەم کە لە دادگەکەمدا خۆم لەو مەترسییە رزگارکەم و بەسەریدا زاڵ بم. ئەمە راستەکە مێژووی پارتی کارکەرێن کوردستان شوێنێکی

بەزەبروزەنگی لەسەر چارەکە سەدەیەکی تورکیا هێشتووەتەوە، چ لەباری شیدەت و چ لەباری زەمانییەوە. هەروەک چۆن تورکیا سەدەی ٢١ی لە کیس دەچێ ئەگەر ئێمە بە دروستی داوەری لەسەر کارو بارەکان نەکەین، هەر ئاواش داوەرییەکی دروست نەک هەر تورکیا لەو کێشە سەرەکییەی کە دەورەی داوە رزگار دەکا بەڵکوو تەنانەت توانایی ئەوەشی دەداتێ کە ببێ بە وڵاتی گرینگی هەرێم لەسەدەی ئایەندەدا. ئەوە زۆر ڕاستە و گرینگە کە بگوترێ ئێستا تورکیا لەسەر دوو ڕێیانێک ڕاوەستاوە، لەسەر نوختەیەکی وەرچەرخان؟ ئەوەی کە تەنانەت زۆر گرینگترە ئێستا بگوترێ ئەوەیە، هەڵەکردن و سەرنەکەوتن و تێکشکان بۆ لێ خۆش بوون نابێ و ئێمە بە لێبڕاوی مەحکووم بە ئەوەین کە بگەینە چارەسەرێکی بەجێ. ناپاکی واقعی و خەیانەتی واقعی لێرەدا ئەوەیە کە ئەوەی ڕاستە نەبیندرێ و چ حەولێک نەدرێ بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە.

هەڵەی منداڵانە لە مێژووی ڕێکخراوەکاندا دەکرێن هەروەک ئەوەی کە لە تاکوتەرایاندا سەرهەڵدا. تا نوختەیەکی دیاری لەوانەیە ئینسان تەفاهومی هەبێ و ئەوهەڵانە لەبیر بەرێتەوە. بەڵام ئەوانەی لەسەر هەڵەکانیان پێکێشی دەکەن، ئەوانەی ناتوانن دەوری مێژوویی خۆیان تەنانەت لە پلەی زۆر بڵێندیشدا بگێڕن ناتوانن خۆیان لە بەرپرسیارییەتی رزگارکەن و دەبێ وڵامی کەموو کوورییەکانی خۆیان و خەیانەتی خۆیان بدەنەوە. جا بۆیە ئەمن لەو باوەڕەدام ئەوە بەرپرسیارییەتی بنەڕەتی منە کە پێشەڕۆژی پارتی کارکەرێن کوردستان بخەمە ژێر پرسیارەوە هەر وەکی کە داوەری لەبارەی ڕابردووییەوە دەکەم بۆ ئەوەی دەوری خۆم لە پێشوەچوونە مرحتەمەلەکانی ئایەندەدا دیاری بکەم.ئەوە گرینگ نییە کە ئەو بۆچوونەی من لەوانەیە پارمەتی بکا بە داوەری حقووقی لەسەر ڕابردوو، ئەمن دڵنیام [ئەوبۆچوونە] دەورێکی گرینگ دەگێڕێ لەهەر

پێشکەوتنێکی کە لەبواری سیاسی دابێتە گۆڕێ و تەنانەت لە بواری ئابووری و لە پێوەندییەکانی دەرەوەشدا. ئەمن لەو باوەڕەدام ئەو بۆچوونە یارمەتی دەکا بۆ شیکردنەوە و دامەزراندنی ئەو تەکانەی کە چاوەڕێ دەکرێ تورکیا لە هەرێمدا لە خۆی بدا بۆ ئەوەی ببێ بە هێزێکی گرینگ لەسەر بناوانی کۆمارێکی دێمۆکراتیک کە ڕێز لە مافی ئینسان ر دێمۆکراسی بگرێ. تەکانێکی کە ئێستا ماوەیەکە قسە و موناقشەی لەسەردەکرێ.

## پێکێشی لەسەر باردۆخی دژوار و کێشەی چەکدارانە مانای لە کیسدانی سەدەی ئایەندەیە

ئەگەر مەسەلەی کورد بەشێوەی کلاسیکی مامڵەی لەگەڵ دابکرێ بەدوور لە سرنجدانی دێمۆکراتی و کولتووری، ئاکامی دانیشتنەکانی دوڕگەی ئیمرالی دەبێ بە قووڵتر بوونەوەی کێشەکە و بەردەوامبوونی پەرەگری تێکهەڵچوونی چەکداری کە خاوەنی ژێرخان و پێگەیەکی تەواو بە هێز و توانایە. ئەمن ئەو لێکدانەوە و بۆچوونانەی کە لە ماوەی دانیشتنەکانی «دادگە»دا لە حاڵ و هەوایەکی تەواو بەسۆز و کەفوکوڵ، خنکێنەرانە و سەرکوتکەرانە داکران هەتا بڵێی بە پڕلە مەترسی دەزانم - نەک لەبەر خۆم، بەڵکوو بۆ ئایەندەی وڵات. لەبەر ئەوەی کە ئەو «دادگە»یە لەگەڵ بابەت و مەسەلەی ئەوتۆ سەروکاری هەیە کە بە بەراوردکردن زۆر گەورەترن لە ژیانی فیزیکی من، هەر ئاکامێکی موحتەمەلی کەلێرە دەرکەوێ دەبێ زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا لەبەرچاوبگیرێ. ئەمن بەو قسەیە بە هیچ جۆر مەبەستم هەڕەشەکردن نییە. تەنیا مەبەستم لەو ڕووداوە موحتەمەلانەیە کە ئەو کەسانەی لە پلەی بەرزی سیاسی و دەستەڵاتی شیکردنەوەی ستراتیژیک دان هەر چۆنێک

بێ دەبێ پێشبینی بکەن:

١ـ کێشەی چەکدارانەی عەسکەری دەبێ بەدامەزراوێک و بەردەوام دەبێ. ئەمە ئاشکرایە کە پارتی کارکەرێن کوردستان لە توانایدا هەیە بە سالان ئاوا بەردەوام بێ، بە پشتئەستووری هەڵکەوتی خۆی لە نێوخۆی ولات و لە زۆربەی ولاتە گرینگەکانی دنیا، لە هەر دووک لای سنوور، تەجرەبەو ئەزموونی خۆی، دەستەلاتی لوجێستیکی و تەدارووکاتی، ئیمکاناتی بۆ وە دەستخستنی چەک، سەرچاوە داراییەکانی، توانایی وەگەڕخستن وراکێشانی [خەڵک] و ریزرو و پاشەکەوتە لە زێدەکانی وریشە داکوتانی قوولی لە دەورانپشتێکی جوگرافیایی موناسیبدا. پارتی کارکەرێن کوردستان بەهاسانی دەتوانێ لەسەر هەڵئایساندنێ شەڕێکی بەر تەنگ یان مامناوئجی بەردەوام بێ. ئەرتەشی [تورکیاش] لەوانەیە ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژتر بتوانێ بەردەوام بکا، لەبەرتەجروبە و ئیمکاناتی تێکنیکی بەرزتری خۆی. و ئیمکانی ئەوەی کە ئەو ڕێگە عەسکەرییە بگیرێتە بەر لە ڕاستیدا یەکجار زۆرە. پازدە سالی ڕابردوو هەرهیچ [ئەو شەڕە] لەوانەیە پڕیشکی بپەڕێتە گشت سەدەی ئایەندە و تێیدا بەردەوام بێ. هەڵبەت هەڵکەوتی بێ سەباتی هەرێم بە ئامادەیی خۆیەوە بۆ هەموو جۆرە هاوپەیمانی و یەکگرتنێک مەترسی و خەتەری ئەوەی پێوە دیارە کە کێشەکە ئەوەندەی دیکەش هان بدرێ لەلایەن پێوەندییە سیاسی ـ عەسکەرییەکان لە ڕێکی جیهانیدا. [تورکیا] ڕەنگە کاندیدای مەیدانی شەڕی هەرە مەترسیداری جیهانی بێ. چونکوو لێرەدا بەرژەوەندی زۆرهەن کە کێشەیان بەیەکەوە هەیە. باکووری عێراق هەر نەبێ نموونەیەکی بچووکە لەم بارەیەوە. زەحمەتە دیاری بکرێ کە ئەم بارودۆخە بەرەو کوێ دەڕوا. زۆر وێدەچێ، کەپشکی نوێی عەرەبی، چ سەددام لە سەرکار بمێنێ یان یەکێکی دیکە جێگەی بگرێتەوە دەست بە

موداخەلە  بکا بەرێگەی گەشە پێدانی ئەو پێوەندییانەی کە ئێستا لەگەڵ پارتی کارکەرێن کوردستاندا هەیانە لەم یان ئەو مستەوادا بەپێی کێشەکانی خۆیان لەگەڵ تورکیا. مەسەلەی ئاو و هێندێک بەرژەوەندی مێژوویی و ئابووری ئیمکانی ئەوە دەرەخسێنێ بێن بە هەرەشەیەکی جیدی [لەسەر تورکیا] بێتوو کێشەی چەکداری [نێوان بزووتنەوەی کورد و تورکیا] قووڵتر ببێتەوە. کردەوەی ئەوتۆ زیاد دەکەن بە پشتیوانی ئەو وڵاتانەی کە هاودەردی خۆیان نیشان دەدەن و پشت بە کوردەکان بە گشتی و پارتی کارکەرێن کوردستان بەتایبەتی دەبەستن.

ئێران دەبێ بە فاکتۆرێکی بنەڕەتی بۆ بەردەوامبوونی کێشەی چەکداری لەبەر کێشە نەریتییەکانی خۆی لەگەڵ تورکیادا، و پشت دەبەستێ بە حیزبولا و زۆر زیادتر بەکوردەکان، وبە پارتی کارکەرێن کوردستان. ئیحتیمالی پێوەندی گرژ [لە نێوان ئێران و تورکیادا) یەکجار زۆرە. سووریا دەکرێ دەورێکی گرینگ لە قووڵتر کردنەوەی کێشەدا بگێڕێ: سووریا بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ ئیسرایل، بیرو هزری خۆی لەسەر کێشەکانی لەگەڵ دراوسێی باکووری خۆی تورکیا کۆ دەکاتەوە. جا ئەوە چ لەسەر مەسەلەی ئەستانی ئەسکەندروونە بێ، یان لە سەر مەسەلەی ئاو یان لەبەر پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراق و تەنانەت ئێران. سووریا لە دۆخێکی ئاوادا پارتی کارکەرێن کوردستان لە هەموو وەختێکی دیکە زیادتربە هاوپەیمانێکی نزیکی خۆی دادەنێ.

دوای ئاشتی لەگەڵ عەرەبەکان، پێوەندی سەربەخۆ و زۆر نزیکی ئیسرایل لەگەڵ کوردەکان شتێکی خۆلێنەبوێرە، ڕەنگە ئەو پێوەندییانە لەمستەوایەکی تەواو باڵاش دابکرێن.

دژایەتییە تەقلیدییەکانی نێوان تورکیا و کۆمار تورکییەکان، هێندێک وڵاتانی قەوقاس و باڵکان لەوانەیە زۆر قووڵتر بێتەوە. سیاسەتێکی دژی

تورکیایی ئەرمەنستان،سربستان یان قیبرس لەوانەیە لە کورتخایەندا توندوتیژتربێ و تەبیعییە ئەوان حەول بدەن بۆ بەکارهێنانی پکک و بەم پێیە وەزعێکی وایان بۆ بێنەگۆڕێ کە بەڕاستی شەڕ زیادتر پەرە پێبدەن. پێشوەچوونێکی بەردەوامی‌بەرژەوەندیی (هاوبەش) و پێوەندی خۆلێنەبویرە و ئەمە وەدەست هێنانی پێداویستی لوجستیکی وتێکنیکی خێراتر دەکا.

دەوری ئورووپا و یۆنان وەک بەشێک لە ئورووپا تەواو ئاشکرایە. بێنەملاو ئەولا دەوری چەند لایەنەی ئورووپا وەک هەرێمێکی کە کوردەکان بەشێوەیەکی هەرە دامەزراو تێیدا دەژین و لەوێ دەتوانن توانایی و هێزێکی زۆر بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن بە زۆر ڕێگەدا بەردەوام دەبێ.

ئەگەرچی هاوپەیمانییەک لە نێوان ئامریکا، ئینگلستان و تورکیادا، سەبارەت بەنەخشەیان لەمەڕ عێراق هەبووە، ئەو ئاشتبوونەوەیەی کە لە نێوان ئیسراییل - عەرەبان چاوەڕێ دەکرێ ڕێگە بۆ پێشوەچوونی پێوەندی لەگەڵ دنیای عەرەب دەکاتەوە. و هەروەها حەولدان بۆ پەرە پێدانی پێوەندی لەگەڵ ئێران دەتوانێ بگاتە ڕەهەندی چاوەڕاننەکراو، هەر وەک ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ باکووری عێراقدا دەبیندرێ.

ئەو هێزو دەسەڵاتە ستراتیژیکانە هەموویان توانایی مومکینی زۆریان هەیە لە پێناو بەرژەوەندی خۆیان پێوەندی لەگەڵ کوردەکان و پارتی کارکەرێن کوردستان دابمەزرێنن. ئەگەرچی ئەو پێوەندییانە ئێستا بەرتەنگیش بن و زۆربەی ئەو دەسەڵات و هێزانە ئێستا خۆیان بە دژی پکک نیشان بدەن. ئەو توانایی و پۆتانسییەلەش بەسەری خۆی لەوانەیە یاریدەی خێرابوون و قووڵتربوونەوەی کێشەی چەکدارانە بدا.

فاکتۆرێکی دیکە کە لەوانەیە ببێتە هۆی بەربڵاوتر بوونی کێشەی چەکدارانە خەڵکی کوردی ئێران، عێراق، سووریا و قەوقاس و لە

هەواڵنامەی کتێب

ڕاستیدا کورد لەسەرانسەری جیهانن. ئەو گەلە پەراگەندەیە دەکرێ یەک بگرێ و پارتی کارکەرێن کوردستان ئەو یەکێتییەی تا ڕادەیەکی گرینگ پێشوەچوونێکی نوێیە و شیاوی لێوردبوونەوە و هەڵسەنگاندنە. هەلومەرجی ئەوە هەیە کە لە گشت ئەو شوێنانە و گەل لەوێ لە باری تەداروکاتی، هێزی ئینسانی، سەرچاوەی دارایی و پێوەندییەوە کەلک وەربگیرێ.

ئەگەر ئێمە هەلومەرجی جوگرافیایی. و پشتیوانی گرینگی کوردکانی تورکیا لە ئێمە و لایەنگران و ئەندامەکانمان لە زیندانەکاندا لەبەر چاوبگرین، ئەودەمی ڕەهەندی مەترسی کێشە و تەنگەژە لەوانەیە باشتری لێ تێبگەیشترێ.

ئێمە دەکرێ بیسەلمێنن کە مەترسی و پۆتانسییەلێکی تێکدەرانە لە گۆڕێ دایە کە ناکرێ لەگەڵ ڕابردوو بەراورد بکرێ. ئەوە دەتوانێ پەرەبستێنێ و وە حەرەکەت بخرێ. ئەمەش لایەنی هەرە بە مەترسییە بۆ پێشە ڕۆژ.

ناخۆشتربوون و خراپتربوونی باری مافی مرۆ و کەموکووڕییەکانی دێمۆکراسی کە دەکرێ لەگەڵ وەزعی پێشووی لوبنان یان بارودۆخی ئێستای یوگوسلاڤیا یان عێراق بەراورد بکرێ دەبێتە هۆی تاقکەوتنەوەی لە زێدەی تورکیا و لەوانەیە بیکا بە شانۆی قەومانی سناریۆی مەترسیدار. ئەو هەڵکەوت و هەلوێستانەی بزووتنەوەی کورد لە باکووری عێراق و لە زۆر جێگەی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا وە دەستی هێناوە و دەرەجەی ڕێکخستن و خۆ دامەزراندنی ئاشکرایە کە بیانوویەک ساز دەکا بۆ دەستتێوەردان و موداخەلە هەر وەک ئەوەی لە قەیرانی کۆسۆڤۆدا دەیبینین بێتوو هەلومەرج خۆش بێ و پێ بگا. ئەو هەلومەرجانە، شەپۆلی تیژڕەوی ناسیۆنالیستی [لە تورکیا] کە بێتوو کێشەی چەکداری بەردەوام

بێ خێراتریش دەبێ و لە بەستچوون و ڕەقهەڵگەڕانی ستروکتورەکانی دەستەڵات لە تورکیا نیشانەی پێشوەچوونی تەواو ڕاتڵەکێنەرانەن کە دەقەومن.

تەنیا ڕێگا بۆ پێشگرتن لەو جۆرە پرۆسانە ئەوەیە کە بەشێوە ورێگەیەکی دیمۆکراتیدا مامڵە لەگەڵ گێرەوکێشە و موشکیلەکان بکرێ، بەر لە هەموویان لەگەڵ مەسەلەی کورد. سیاسەتی «ئاشتی لە ماڵێ، ئاشتی لە هەندەران» [دروشمێکی ئاتاتورک] لە حاڵی حازردا ڕاستی خۆی دەردەخا.

٢. دوژمنایەتی کوردەکان لە هەرێمە کوردییەکان، لە ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاست و لە هەموو دنیا بە دژی تورکیا پەرە دەستێنێ و لەلایەن هێزە ستراتیژییە جۆر بە جۆرەکانی لەسەرەوە دا باسمان کردن کانالیزە دەکرێ ووەدەور دەکەوێ. شەڕ و قوولبوونەوەی کێشەکە لەوانەیە سەرانسەری تورکیا بکاتە سێرەی ئامانج. ئەگەر ئەو حال و هەوا هەتا بڵێیی بە کەفوکوڵ و سۆزدارانەیە بە زوویی ئەنیشێتەوە و ببێ بە دوژمنایەتییەکی ڕووت، و ئەگەر نفووز و کارتێکەری ئایینی،باوەڕ، ئابووری و کۆمەڵایەتی تێکەڵاوی ئەو هەست و کۆڵانە بێ، سەروبنی ئەو مەترسییەی بەرەو ڕوومان دەبێ تەنانەت زۆر ئاشکراتر دەبێ. هەروەک دەکرێ لەمێژوو و لە تەجرەبەی پارتی کارکەرێن کوردستاندا ببیندرێ، گەلی هەرێمی کوردستان ئامادەی ڕاپەڕین و سەر هەڵدانن ئەگەر لەگەڵ [حاشالێکران] و سەرکوتی هەمیشەیی کێشەکانیان بەرەو ڕووبێن. ئەوان بەردەوام دەبن لە پشتیوانی خۆیان لە پارتی کارکەرێن کوردستان و بە لەبەر چاوگرتنی وەزع ئەو پشتیوانییە دەبێتە پشتیوانییەکی هەمیشەیی. برینداریيان،ترس و دڵ ڕاوەکێ یان، بێزاری و قینزیان و ئەو بارە هەرە نالەبارەی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە تێیدا دەژین بێنەملا وئەولا

وەزعێکی تەواو تراژیک و پڕ لەژان دەخولقێنێ. ئاشکرایە، هەر ئێستا وەزعەکە وشدار دەرە بەڵام ئەوکاتەی ئیمکاناتی تێکنیکی هاوچەرخ یارمەتی بکەن بۆ بە سەردا زاڵبوون و تێپەڕاندنی ئەو تایبەتمەندییانەی کە سەدەیەک کۆنن وەزعێکی ئەوتۆ دێتە گۆڕێ کە خۆ لێدەر بازکردنی زەحمەت دەبێ. ئەگەر کێشە و گیروگرفتەکان خێراترین و قووڵتر ببنەوە، هەموو لایەک، لە پێشدا وڵاتەکانی دراوسێ، دەست پێدەکەن بە کەڵک وەرگرتن لە کوردەکانی خۆیان و کۆمەڵانی هەراوی پەنابەر لە وڵاتەکانیاندا بەشێوەیەکی خۆلێنەبۆێرانە بیانخەنە دەوری سیاسی و بە مەبەستی بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان دەهێنن. لە حاڵی حازردا ئەوان پێیان خۆش نییە کارێکی ئەوتۆ بکەن، تەنێ خەریکی لێکدانەوەی حیساباتی ئەوتۆن کە لە ئەوەی نێوی دەنێن سەروبەندی دوای ئاپۆ چ دەتوانن بکەن. ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستیە چونکوو بوون و ژیانی من بەکەیفی نەخشە ستراتیژییەکانی زۆر لە هێزەکان نییە، ئەوان بە نەویستن و لە ناوچوونی من، بە ڕواڵەت پێیان وایە کارێکی باش بۆ تورکیا دەکەن. باشترین نموونە لەو بارەیەوە دوو ڕوویی و کەڵەک و کوڵەکی یۆنانە. مەترسی ئەوەی کە هەموو کوردەکان لەوانەبێ بە دژی تورکیا بجووڵێنەوە هەر ئەوەندی لە درێژخایەندا لە بەرچاوە ئێستاش ئاوایە. ئەو خاڵە مەترسیدارە پێویستی بە لێکدانەوەی ورد هەیە. لە ڕاستیدا ئەوە بە گشتی زاندراوە کە سیاسەتە بەرچاوتەنگە بە کە فوکوڵەکانی حاشالێکردن، [سیاسەتە] کوێرانەکانی باڵی ڕاست، دەمارگرژی ڕەگەز پەرستانەی نەتەوەیی مەترسی گەورەن بۆ داهاتووی تورکیا، و هەر بۆیە گرینگی بۆچوونێکی ستراتیژی و سیاسی دروست بەڵگە نەویستە.

٣. بارودۆخی دژوار و توندوتیژتر بوونی کێشەی چەکدارانە خەرج و تێچووی ئابووری زیادتر دەکا. ئەم قەیرانییەی ئێستا لە نزیکەوە بە

مەسەلەی کورد بەستراوەتەوە. نەک هەر خەرج و تێچووی کاروباری عەسکەری، بەڵکوو ناتوانایی بۆ وەگەڕخستنی پۆتانسیەلی دەوڵەمەندی هەرێم، لە بەستچوون و چەقینی کاروبار و هەڵسووڕانی ئابووری ئێستا، گیروگرفتی گەورەی بێکاری و ئاکامە تێکدەرانەکانی دەستکەوتی ئابووری لە شەڕ لەسەر گشت باری ئابووری هەموو تورکیا هەتادێ دەبێ بە قەیرانییەکی قووڵتر. پشکەکانی ئابووری تورکیا کە لەوانەیە دەستەڵاتی ئەوەی هەبێ ببێ بە هێزێکی بەرمین لە ڕۆژهەڵاتی نێوە ڕاستدا، ئێستا بوونە کەرتی ئەوتۆی کە هەر سەرچاوەکان هەڵدەدەلووشن. بەردەوامبوونی بارودۆخی دژوار و کێشەکە گیروگرفتی وەها دەخولقێنن کە بەسەر زاڵبوونیاندا ئەوەندەی دیکەش زەحمەت دەکەن، و خەڵک و دانیشتوان لە هەرێمی شەڕ داگرتوو یان مەیدانی کێشەی چەکدارییدا خەڵکی هەرە کەم بەرهەمهێنەرن و لە ڕوانگەی ئابوورییەوە خەرج و پێوە چارانیان زۆر گرانە. هیچ سیستمێکی ئابووری ناتوانێ ژمارەیەکی ئەوەندە زۆر لە دانیشتووان دابین بکا،چ دەگا بەوەی کە باری ئابووریان بەرەوپێشبەرێ.

٤. بێبەشی و نەهامەتی پەروەردەیی و کولتووری خۆی لێ ڕزگار ناکرێ. لە کاتێکدا سازکردن و دامەزراندنی ژێر خانێکی پەروەردەیی لە ناوچەی شەڕدا هەڵناسووڕێ و بەتەواوی دژوار دەبێ، ئەو پەروەردەیەش کە دەکرێ چۆنییەتیکی وای نییە و بێکەلکە. هەر بەو ئەندازەیەی کە ناکرێ زمانی تورکی پەرەی پێبدرێ و پێشبخرێ، زمانی کوردیش لەو ڕادەیەیدا کە ئێستا قسەی پێدەکرێ دانیشتوان و خەڵک بەبێ پەروەردە و نەخوێندەوار دەهێڵێتەوە، و دەیانکا بە نێچیرێکی هاسان بۆ هەموو جۆرە نفووز تێکردنێک، وەکوو نفووزی ئایینی یان عەشیرەتگەری. ئەوەش دەبێتە هۆی [درێژەکێشان]ی نەخوێندەواری وترس، گیروگرفتی جیدی

لەشساخی و کەسادیی کۆمەڵایەتی، شەخسی و نێوانناخۆشی و دوژمنایەتی عەشیرەتی و ئەوەش دەگاتە ئەو سەرهەڵدانانەی کە باش ناسراون. توندوتیژتر بوون و قووڵبوونەوەی کێشەی چەکداری بەڕاستیش زەمینە بۆ زۆر پێشوەچوونی نێگاتیڤی کۆمەڵایەتی - کولتووری دەخولقێنێ و ج ڕێگەیەک نامێنێ بۆ پێشگیری لەوەی کە دانیشتوان و خەڵک نەکەونە هەڵکەوتی هەرە بەمەترسییەوە.

٥. پێشوەچوونی دیمۆکراتیکی تورکیا تاکوو ئێستا لەبەر چارەسەرنەکردنی ئەو کێشەیە بەربەست کراوە و ئاڵۆزاوە، ئەوە خراپتریشی لێدێ ئەگەر کێشەکە بەردەوام بێ. ئەو ئاڵوگۆڕە پێویستانەی کە دەبێ لەستروکتووری دەوڵەت دابکرێن سەرناگرن، بەندوبەست و کەڵەک و کۆڵەکی سیاسی چی لێ شین نابێ و پارتییەکان [پارتییە «سیاسی»یەکانی تورکیا] دەگۆڕ یەکتری ڕۆدێن و یەکتری دەخۆن. نێوی ئەو سیاسەتانە، سیاسەتمەداران و پارتییەکان هەرچێکی بێ تا ئێستا [کارامەیی] خۆیان لە کیسداوە، هەرکەس و هەرشتێنکیشی کە جێگەیان بگرێتەوە، چارەنووسی هەروا دەبێ و لەو [زەلکاوە] ڕزگاری نابێ، چونکوو هەمان زەمینە و هەمان بەبنبەست گەیشتن و دۆشدامان هەموویان دەخنکێنێ.

ئەو بارودۆخە کارتێکەری چاوەڕوانکراوی لەسەر ئەنستیتووەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و جیهانی میدیا دادەبێ. ئەو جۆرە داو و دەزگایانە بێبەرهەم و بێکەڵک دەبن و دەبنە ئۆرگانی نامۆ و لە خۆ غەریب و ج فریان بەسەر گیروگرفتە ڕاستەقینەکانی گەلەوە نامێنێ. یەکێتیە کرێکارییەکانیش ناتوانن خۆیان هەر لە هەمان چارەنووس ڕزگار بکەن.

بەدژواری و گیروگرفتەکانی ئۆرگانیزمی کۆمەڵایەتی تەنانەت ئەوەندەی دیکەش لەبەست دەچێ و کەساد دەبێ و بایەخە ئەخلاقییەکانی بە تەواوی

لەبەریەک هەڵدەوەشێ و دەشاڵۆزێ. لەیەکدابران و تێکچوونی ستروکتوورەکانی خێزان بەردەوام دەبێ و قووڵتر دەبێتەوە.

ئەو دار و دەزگا و ئاکوو تەرایانەی خۆیان لەو بارو دۆخە واقعییە دەکەنەوە ولێی دوور دەکەنەوە بە مەترسیدار دادەندرێن و ئاکامی گشت ئەو پێشوەچوونانەش دەبێ بە سەرکوتی جیدی باری قانوونی. جا بۆیە هەر ئێستا، پێویستی بە قانوونێکی ئەساسی و چوارچێوەیەکی حقووقی لەسەر بناوتی مافی مرۆ و مافە دێمۆکراتییەکان هەموو ڕۆژێ خۆی نیشان دەدا.

٦. تەنانەت لایەنێکی زۆر بەرچاوتری تەئسیری نیگاتیڤی ئەو بارودۆخە دژوارە لە پێوەندییەکانی دەرەوە دا خۆی دەرەخا. بەتایبەتی ئورووپا بەو جۆرەی دەیەوێ و بەکەیفی خۆی دەجوولێتەوە، لەبەر بەرژەوەندییەکانی خۆی پێ لەسەر دێمۆکراسی دادەگرێ. هەرلەبەر ئەوەشە تورکیا ناتوانێ بچێتە نێو یەکێتی ئورووپا و ڕێگەی لێگیراوە. هەر بەو جۆرەی کە ناتوانایی و دەستەوەستانی بۆ کردنەوەی ئەم گرێیە بەشێوەیەکی دێمۆکراتی دەبێتە هۆی پێشوەچوونی نێگاتیڤ لە نێوخۆ [وڵات]دا، ئاواش پێش بەو پەرەسەندنانەی کە دەبێ لە بواری پێوەندی دەرەوەدا بکرێن دەگرێ. لەوەش دەرچێ، بەسترانەوەی لە زێدە لەبەر قەرزداری هەر زێدەبووی تورکیا، تورکیا لەزۆر دەستپێشخەری و هەنگاری دەرەوە بێبەش دەکا. ئەو وەزعە دەبێتە هۆی بەسترانەوەی تەواو بە هێندێک لە هێزو دەستەڵاتانەوە. تورکیا دەخاتە نێوکێشە لەگەڵ وڵاتانی دیکە، چونکوو دەستەوەستانی و دۆش دامان بۆ پێکهێنانی ئاشتی نێوکۆیی کارتێکەرییەکی قووڵی دەبێ لەسەر جێبەجێکردنی ئاشتیخوازانەی کێشەکانی دەرەوەیی.

بەتایبەتی پێشی ئەوە دەگیرێ تورکیا هەڵکەوتێکی سەرەکی لە

ڕۆژهەلاتی نێوە ڕاست، قەوقاس، هەرێمی باڵکان و ئاسیای ناوەندی وەدەست بهێنێ و گیروگرفت قووڵتر دەبێتەوە.

ئەم وتەو بەیاناتە کە لەوانەیە وا وەبەرچاوبێن لە کەیسێکی سزاییيدا لەجێی خۆیاندا نەبن، لە ڕاستیدا دەبێ بگەنە گوێی هەموان، هەموو داو و دەزگایەک لەبەر دانیشتنەکانی ئیمرالی، چونکوو ئەو قسانە لەسەر ئەو پێشوەچوونە موحتەمەلانەن کە لە داهاتوودا دێنەگۆڕێ. ئەگەر ئاکامی ئەو«موحاکەمە»یە بە ئاوایەکی شێکاری نەبینرێ، ئەو ڕووداوانەی کە ئێمە لەو قسانەدا خاڵە سەرەکییەکانمان دەستنیشان کرد هەتا دێ زیادتر دەبن و کارتێکەری زۆر زیادتریان لەسەر ژیانی ڕۆژانە و داهاتووی تورکیادا دەبێ. چونکوو خەسڵەتی نێوەندی ئەم «موحاکەمە»یە بەو گیروگرفتانە بەستراوەتەوە، و ئەوە خۆی لێ دەرباز ناکرێ. ئەوانە ئەو ڕاستییانەن کە زۆر کەس هەستیان پێدەکەن بەڵام ناوێرن قسەیان لێوە بکەن.

ئەو پوختەی لێرەدا هاتووەتە گۆڕێ بە ئاشکرایی دەریدەخا بۆچی ئێمە نابێ ئەو بارودۆخە دژوارە و کێشەی چەکدارانەی [دوولایەنە] درێژە پێبدەین. ئەو بارودۆخە وەک زەلێنک دەچێ - هەر چەندی مرۆبییەوێ خۆی لێ ڕزگار کا ئەوەندەی دیکەش تێیدا قوم دەبێ. هەر بۆیەشە دەبێتە بارودۆخێکی دژوار. سەرکەوتن و شکان لە ڕوانگەی ئەو گیروگرفتانەوە مانایان نامێنێ. بۆیەشە گرینگە دەستبەجێ داوخوازی مەشرووعی ئەو ڕاپەڕینە وەدی بهێنرێ و دینامیکی (هێزی پالپێیوەنەری) مەترسیداری بوەستێنرێ. لە ڕاستیدا پێویست بوو کارێکی ئەوتۆ زۆر پێشووتر بکرێ. بۆچوونی هەڵە و هەتا بڵێی دووپاتەوە بوو لە لایەن هەر دووک لاوە بە هیچ جور لە ژێر هیچ هەلومەجێکدا نابێ بەردەوام بێ، چونکوو بۆچوونی ئەوتۆ بە قازانج نین و چیبیان لێ شین نابێ. دەبێ ئەو ڕاستیە

هەواڵنامەی کتێب

ببیندرێ که داوخوازه دیمۆکراتییه ریئالیست و کولتوورییه‌کانی ڕاپه‌ڕین پێویستییه‌کن بۆ هه‌موو ولات و ئه‌وان ده‌کرێ به هاسانی دادانیان پێدابهێندرێ. له‌و ڕوانگه‌یه‌وه ئه‌مه یه‌ک له گیروگرفته شیاوی کرانه‌وه‌کانی هه‌ره هاسانه ـ به‌پێچه‌وانه‌ی فه‌لسته‌ین، کۆسۆڤویان ئایرله‌ند.

ئه‌گه‌ر مرۆ له‌م ڕوانگه‌یه‌وه لێی بڕوانێ، له ڕاستیدا دانیشتنه‌کانی ئیمرالی شانسێکی مێژووییه. ئێمه به‌لانی که‌مه‌وه ده‌بێ حه‌ول بده‌ین ئه‌و شانسه مێژووییه به‌کار بهێنین بۆ ئه‌وه‌ی گشت ئه‌و ئێش و ژان و له کیس چوونانه‌ی قه‌رماون دیسان ڕوو نه‌ده‌نه‌وه. داهاتوو تابشتی قه‌یرانی زیادتر و تاریکه سه‌لاتی زیادتر ناهێنێ. ئه‌من ده‌بێ ئه‌وه دابگرمه‌وه که کارێکی ئه‌وتۆ لیبراوانه شیاوی کردنه، و له ڕاستیدا ئه‌مه ته‌نیا ئه‌و ڕێگه‌یه‌یه‌که ده‌بێ هه‌ڵیبژێرین، فێربوونی ده‌رسێک له ڕابردوو و ئاڵوگۆڕی ئه‌و شته‌ی که تاکوو ئێستا خه‌ساری لێداوین به‌وه‌ی که عه‌قڵمان بێته به‌رخۆ بۆ ده‌ستکه‌وتێک.

# دۆزینه‌وه‌ی چاره‌سه‌رێکی دیمۆکراتیک بۆ کێشه‌که ده‌ستکه‌وتێکی داهاتووی تورکیایه

ئه‌م ڕاستیه‌ی که ئه‌من له دوڕگه‌ی ئیمرالی «موحاکه‌مه» ده‌کرێم ده‌کرێ وه‌کوو داستانی ڕووداوێکی تراژیک و پڕ ده‌رده‌سه‌ری نامۆ بوون و دوژمنایه‌تیش ببیندرێ له نێوان کۆمه‌ڵگه‌یه‌کی دیمۆکراتینه‌کراو و ستروکتوورێکی ده‌وڵه‌تی دیمۆکراتینه‌کراو و ڕاپه‌ڕینێکی پڕ له ئێش و زامدا. ئه‌و دانیشتنانه ده‌کرێ به نموونه‌یه‌کیش دابندرێ بۆ لێکدانه‌وه‌ی ئه‌وه‌ی که چ ده‌قه‌ومێ کاتێک کێشه و گیروگرفته‌کان بێپسانه‌وه سه‌رکوت بکرێن. له کاتێکدا که ماده به‌رته‌نگه‌کانی قانوونی سزایی فریان به‌سه‌ر ئه‌وه‌وه نییه که چاره سه‌رییه‌ک بهێننه گۆڕێ، ئه‌م هه‌ڵکه‌وته پێویستی

هەبوونی قانوونی ئەساسییەکی دیمۆکراتیکیش وەڕوودەخا. و ئەو پێویستییەیە منی وا لێکردووە کە هەر لە دەستپێکی ئەو دادگەیەوە بەرگرییەکی سیاسی بکەم. یەکەم بەرگری بە نووسراوی من حەولی داوە خۆلێنەبوێری چارەسەرییەک لە سەربناوانی قانونی ئەساسییەکی دیمۆکراتی نیشان بدا. کاکڵی ئەو بەرگرینامەیە حەولدان بۆ نیشاندانی ئەو [ڕاستیەیە]کە لە ناو بردنی کێشەیەک کە ڕیشەی قووڵی مێژوویی ، فەرهەنگی، سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووری هەیە بە ڕێگەی عەسکەریدا هەڵناسووڕێ ـ ئەو بارودۆخە دژوار و ئاڵۆزە و ڕاپەڕینە پڕ لە ئێش و دەردانەی لێی زاونەتەوە ـ و ئەوەی کە لەو سەروبەندە تایبەتییەدا کە ئێمـەی تێدا دەژین چی لێ شێن نابێ، و ئەوەی کـە هیچ ڕێگە چارەسەرییەک نییە جگە لە چارەسەرییەکی دیمۆکراتیک نەبێ.

ئێمە بەشێوەیەکی سرنج ڕاکێش ئەوەی دەبینین ڕاستییەکی گرینگی کۆمەڵناسانەیە، کە گیروگرفتێک کە لەباری مێژووییەوە پێکەیشتووە ڕێگە چارەسەری خۆی بەرهەم دەهێنێ. گیروگرفتی جودا جودا لەوانەیە تا ئەو کاتەی پێنەگەیشتوون شیاوی چارەسەرکردن نەبن، تا ئەو کاتەی کە نەبوون بە دژی پڕ لە ئێش و ژان. هەروەها ئەوەش بەڕوونی سەلماوە کە پێکێشی لەسەر چارەسەرنەکردن دەبێتە هۆی خەسارو لە کێسدانی هەمیشەیی و قووڵبوونەوەی ئێش و ئازار لە هەردووکلادا. [ ڕووداوەکان] دەگەنە نوختەیەک کە دەوڵەت و کۆمەڵگە دەڵێن ئیدی بەسە. ئەوەی کە لەلایەن تورکیا و زۆربەی دەستەلاتە قسەڕۆیشتووەکانی جیهاندا دەبیندرێ، ئەوەی کە قسەو موناقەشەیەکی زۆری لەسەر دەکرێ، ئەوەیە کە موحاکەمەی ئیمرالی دەکرێ ببێ بە دەستپێکی دۆزینەوەی چارەسەرییەک.ئەمن لەگەڵ ئەو بۆ چوونەم و پێم خۆشە کاردانەوە موحتەمەلەکانی چارەسەرییەک لە خوارەوە پوختە بکەم:



هەواڵنامەی کتێب

١. ئەو بارودۆخە دژوارەی کە هەر قووڵتر دەبێتەوە و مەسەلەکەی دووره داوە ڕێگەی عەسکەری، دەستەلاتی چەکی بێکەلک و بێ مانا کردووە چونکوو ئەو ڕێگەیە هیچ ئاکامی نییە جگە لە لەکیسچوون، شەڕ، ڕاپەڕین،و هەموو جۆرە کێشەی چەکدارانە نەبێ کە لە بناوانەوە لەبەر گیروگرفت و مەسەلەی کۆمەلایەتی ساز دەبن. ئەوانە حەولێکن بۆ دەرچوون لە بنبەست و چارەسەر کردنێکی کورتخایەن یان دوورمەودا، بەرتەنگ یان درێژخـــایەن، لاواز یان زەبروزەنگی هەرە زۆر بەپێی تەبیعەتی کێشەکە. ئەگەر هیچ سرنجێک نەدرێ بە پێویستیەکانی ئەخلاقی و سیاسی ، فەسادو هەڵوەشانێکی بەزەبرو زەنگ و تەنانەت کوشتاری بە کۆمەڵیش دەقەومێ. ئەو سۆزو کە فوکوڵە پڕ ژانەی هەستی ورووژاو و هاندراوی کە بە دەم ئەو «مەحکەمەیەوە» خۆی ڕادەنێ و ئەو هەست و سۆزەی کە هەر دووک لای [کێشە]کە لەوانەیە زۆر لەوەش بەربلاوتر دەربېڕن لە ڕاستیدا سیمای بیناناو تا پێویستی زەبروزەنگ دەنوێنێ. ئەمڕۆکە ڕەنگە زۆر ڕوونتر بووبێتەوە کە پارتی کارکەرێن کوردستان هەر لە بناغەرە بزووتنەوەیەک بووە بە ئامانجی دێمۆکراتی و کولتوورییەوە کە ڕێگەی بۆ ڕاپەڕین و [سەرهەڵدانێک] خۆش کردووە بە دژ کۆتو زنجیرەکانی ستروکتوورە حقووقییەکان و حاڵ و هەوای سیاسی. بۆیە ئێمە دەتوانین ئەگەرچی ناقانوونیش بووبێ مەشرووعییەتی ئەخلاقی و سیاسی پارتی کارکەرێن کوردستان باسکەین و جەختی لەسەربکرێن. زەبروزەنگەکانی تا سەرەتای سالانی ٩٠ دەکرێ لەولایەنەوە سەیر بکرێن و لە ڕاستیدا بەلانی کەمەوە هەلومەرجێکی بەرتەسکی پێکهێناوە بۆ شێوەیەک لە چارەسەری لەسەر بناوانی مافی دێمۆکراتی و کولتووری. سەروبەندی دوای ئەو سالانە دەوری ئەوەی گێڕاوە بەشێوەیەکی بەردەوام بارودۆخی دژواری دوولایەنە و مەترسی پێوندیدار بەم کێشەیەوە ج لە

نێوخۆ و چ لە دەرەوەی [تورکیا] زیادتر بکا.

ڕێکخستنی عەسکەری پارتی کارکەرێن کوردستان لە نێوخۆ و لەدەرەوەی تورکیادا تورکیای وا لێکرد ڕێگەی عەسکەری وە بەر بگرێ: ڕاست لە نوختەیەکدا کە چارەسەری دیمۆکراتی لە هەموو وەختێکی دیکەدا زیادتر خۆی دادەسەپاند، ئەوەش گێرەو کێشەی زۆر قورس و گەورەی ئابووری، کۆمەلایەتی و سیاسی خولقاند. کێشەکە قوولتر بووەوە، و چ شانسی ئەوە لە گۆڕێدا نەبوو ئەو مەسەلەیە بە ڕێگەی عەسکەریدا چارەسەربکرێ. ئەوە پێی زاندراوە و ڕوون بووەتەوە و بۆیەیە حەولی من بۆکۆتایی پێهێنان بەکێشەی چەکدارانە حەولێک نییە بۆ پاراستنی ژیانی خۆم. ئەو حەولە دەربڕینی پێویستییەکە بۆ ڕزگار بوون لە کێشەیەکی مەترسیدار و بێ مانا. و ئەمەش ئاکامی بۆچوونێکی دروستی زانستییە بۆ لایەنە عەسکەری و سیاسییەکانی ئەو گیروگرفتە. جا بۆیە کاتی کۆتایی پێدانی دژایەتییەکان ئێستا هەلی ئەوەی بۆ دەولەت ڕەخساندووە ئەویش حەساسییەتی پێویست لە خۆیەوە نیشان بدا. ئێستا زەمینەیەک بۆ چارەسەرییەکی دیمۆکراتی هەیە. و پێشوەچوونێکی خۆلێنەبوێریش بەرێوەیە. پێویست بەوە ناکا هەر دووک لا بکەونەداوی کەللەرەقییەکی دوولایەنە. بۆچوونێکی ژیرانە قوولومەند گرینگی یەکجار زۆرە.

تورکیا نەک هەر خۆی لە ئاست ئەو مەترسییانەی بەسەریەوە دەگەڕێن دەپارێزێ بەلکوو شانسی ئەوەشی دەست دەکەوێ ببێ بە سەرچاوەی هێزوتوانا. ئەگەر مەسەلەی کورد جێبەجێ بکرێ دەستەلاتی عەسکەری پارتی کارکەرێن کوردستان لە خزمەت تورکیادا دەبێ، هەم لە تورکیا و هەم لەدەرەوە. [ ئەگەر مەسەلەی کورد جێبەجێ بکرێ] پێشوەچوونەکانی باکووری عێراق، هەلکەوتی ئێستای عەسکەری هێزە هەرێمییەکان و هێندێک هێزی کە لە ماوەی دوو سەد سالی ڕابردوودا سیاسەتەکانی

هەواڵنامەی کتێب

خۆیان داسەپاندووە، بە دەستتێوەردان لەمەسەلەی کورد، چیدیکە مەترسییەک نابن لەسەر تورکیا. هەڕەشەو مەترسی ئەوەی تورکیا ببێ بە بۆسنیایەک، کۆسۆڤۆیەک، لوبنان یان تەنانەت عێراق تێک دەشکێ. هەرچەندی کوردەکان زیادتر لەگەڵ کۆمارێکی دیمۆکراتیدا ڕێک بکەون ئەوەندەش زیادتر کۆمارێکی ئەوتۆ لە ڕوانگەی عەسکەرییەوە خۆی ئالوگۆڕ دەکا و لە هەڕەشەوە دەبێ بەسەرچاوەی دەسەلاتی ستراتیژیک. ئەوە شانسێکی گەورەیە کە چارەسەرییەک دەیرخسێنێ، گەورەترین سەرمایەدانانی ستراتیژیک بۆ داهاتوو.

ئەوەی کە لەبری ئەوە دەبێ بدرێ ئەوە یەکە لە زۆربەی بەشەکانی دنیادا دراوە و بێتەملاو ئەولا دەبێ بدرێ، شتێکی کە تەنانەت ناکرێ وەکوو ئیمتیاز دانیش چاوی لێبکرێ، واتە مافی هەرە تەبیعی دیمۆکراتی و کولتووری، کە زۆربەیان ئێستا بەکردەوە داسەپاون. ئەمە ئەوەیە کە ئەمن دەڵێم چارەسەرییەک هاسانە و بە هەرزان جێبەجێ دەکرێ. ئەگەر ئەوە نەکرێ ڕەهەندی ئەو خەسار و لە کیسچوون و مەترسییانەی کە ڕوودەدەن تەواو ڕوون و ئاشکرایە و ئەوە بەوە وە کە تا ئێستا ڕوویداوە دیارە. لێرەدایە کە وتەی «شتی هەرە ئاسان و هەرە دژوار ئاشتییە» وە ڕاست دەگەڕێ. ئەو ڕاستییانە وەبیر بهێننەوە کە خەرج و تێچووی زۆر و زەوەندی عەسکەری لە کیسەدا دەمێنێتەوە، دەردوژان و خەسارو کۆستکەوتوویی پێشی پێدەگیرێ، پێویستی بە دانی ئیمتیازی گەورە بە زۆر هێزی لاوەیی لە ئارادا نامێنێ، چونکوو مرۆ لە هەڵوێستی بەهێزی و دەستەڵاتەوە بەرەو ڕوویان دەبێ، مرۆ دەچێتە ناو پرۆسەیەکی بەجۆش و خرۆش و پەرەگری ئابووری، سیاسی،کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەزاڵ بوون بەسەر گیرولەمپەری ناوخۆییدا. دەتوانێ هەڵکەوتی زۆر لە پێوەندییەکانی دەرەوەیدا وە دەست بخا، ئەو جۆرە پێوەندییانەی

که [تورکیا] ئێستا لێیان دەرهاوێژراوە. بەر لە هەموان پێوەندی لەگەڵ ئورووپا، و [بەم شێوەیە] تورکیا دەتوانێ ببێ بە هێزی سەرەکی لە هەرێمدا ـ گشت ئەوانە لە نزیکەوە بە ڕزگاربوون لە بارودۆخی دژواری کێشەی چەکدارانەوە گرێ دراون. وەک ڕاستیەکی جێی سەر سوڕمان مرۆ دەتوانێ لەبەرامبەر زۆر هێزو دەستەڵاتی کە ئێستا هەڕەشەیەکی ستراتیژیکین لەسەر تورکیا توانایی وە دەست بهێنێ. ئەوە ئەو شتەیە کە ئەمن وەک وە دەستهێنانی داهاتوو باسی دەکەم.

٢ـ ئەگەر پارتی کارکەرێن کوردستان چیدی گیروگرفتێکی عەسکەری نەبێ، چیدی گیروگرفتێکی سیاسیش نابێ. ئەو دەست دەکا بە هێزوە بەرهێنانی دەوڵەت لە جیات ئەوەی هەڕەشە لە یەکیێتی و یەکپارچەیی دەوڵەت بکا. هەرچەندی زیادتر ڕێگە بۆ یەکیێتی دیمۆکراتیک بکرێتەوە، ئەوەندەش زیادتر هەلوێستەکردنی پێچەوانەی دەوڵەت لە ئارادا نامێنێ. هەرچەندی زیادتر پرۆسەی قانوونیکردنی [پکک] بەرەو پێش بچێ ئەوەندەش زیادتر ناوەندو داو و دەزگاکانی نێوخۆیی و دەرەوەیی پارتی کارکەرێن کوردستان مانایان نامێنێ، و چیدی هەڕەشەیەک نابن. ئەوەش بە ڕاستی مانای ئەوەیە کە دەوڵەت خۆی لەکۆڵ لەمپەرێکی گەورە، بە فیرۆدانی مادی وسەرچاوەی ئەخلاقی دەکاتەوە. چەکێک لە دەست هێزەکانی دژی تورک دەئەستێندرێ کە تێدەکۆشن بەرژەوەندییەکانی خۆیان [بە بەکارهێنانی پکک] زیادترکەن و، ئەگەر ئەو [خاڵە] بەباشی هەڵبسەنگێندرێ لەوانەیە ببێ بە قازانج و دەستکەوتێکیش. بۆچوونێکی ئاوای زانستی و شیکارایانە سەبارەت بە هەبوونی سیاسی پارتی کارکەرێن کوردستان بە ڕاستیش دەبێ بە دەستکەوتی هەرە گەورە کە تورکیای هاوچەرخ و داهاتوو قەتی بە خۆیەوە نەدیوە. هەر ئەوەندەیەی کە ڕوانگەی سووکایەتیکردن و بە هێند نەگرتنی پارتی کارکەرێن

کوردستان بووە بە هۆی خەسارو مەترسی گەورە، بۆچوونێکی دروستیش سەبارەت بە پارتی کارکەرێن کوردستان ئەوەندە قازانج و وە دەستهێنانی توانایی تێدایە. لە بری ئەوە دانی ئیمتیازی گەورە لە گۆڕێدا نییە. تەنیا هێندێک گۆڕان لە ستروکتووری قانوونیدا و دەرووکردنەوەیەک لە پێناو یەکیێتییەک و ئاڵوگۆڕ بە ڕێگەیەکی دیمۆکراتیکدا نەبێ. دوای ئەو هەموو شتەی قەوماون ئەوە دەبێ بە ئاسایی وا دابندرێ کە دەوڵەت ئاگایی و ژیری زۆر لە خۆیەوە نیشان بدا. ئەوە دژوار نابێ بەشێوەیەکی پۆزتیڤ وڵامی داوخوازییەکانی پکک بدرێتەوە. بە بیروڕای من، ئەو شتەی کە زۆر لە دادخوازی و مەحکوومکردنی تاوانکاریانە گرینگترە بۆ چوونێکی رادیکاڵ و هەمیشەییە لەمەڕ پارتی کارکەرێن کوردستان کە لەسەر ئەو زەمینە شیکاریانەیە بەرەو پێش دەچێ و سەردەکەوێ. باوەڕی کوردان، یارمەتی دەکا بە سارێژ کردنەوەی برینە قووڵەکانی هەست و ئەستان، تەنیا بە ڕێگەی ئاشتیدا دەکرێ پێوەندی دۆستانە دابمەزرێندرێتەوە و سەقامگیر بکرێ.

بۆچوونێکی ئەوتۆ لیبراوانە بۆ هەموو گەلی تورکیا پێویستە. بەڵام هێندێک جیاوازی پێویستی ئەوە دەهێنێتە گۆڕێ کە دەستپێشخەری بۆ سازان و کرانەوەی زیادتری دیمۆکراتی، فەرهەنگی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە ئاست خەڵکی هەرێم [مەبەست کوردستانە ـ وەرگێڕ] دابکرێ. ئەوە ڕێگەیەکی زانستییە بەرەو چارەسەرییەک بەتێگەیشتنی گیروگرفتەکە و کردنی بەشتێکی جوێ لەوەی کە زەمینەیەک بێ بۆ ڕاپەڕین. سەرکەوتن لە بۆچوونێکی ئەوتۆدا و ئەو هەنگاو وتەگبیرانە دەتوانن داهاتووی تورکیا بپارێزن و لەوەی ڕزگارکەن کە بەشێوەیەکی بەردەوام لە ژێر سێرەی ڕەخنەلێگیراندا بێ لەبەر گیروگرفتەکانی هەرێم و توانای ئەوەی وەبەر دەنێن وەک کۆمارێک هێزوگوڕی نوێی هەبێ و

یەکێتی دیمۆکراتی هەبێ. هەرێم لە شوێنێکەوە کە تێیدا دەستەڵات وهێز دەبەتلێ و بەزایە دەچێ ئالوگۆڕی تێدا پێک دێ و دەبێ بە هەرێمێک کە هێزو دەستەڵاتی لێ دەستدەکەوێ و هەرێمێکی کە هاوولاّتی ئازادی دەبێ. ئەوە دەبێ ئەرکێکی ستراتیژی سەرەکی تورکیا بێ کە هەلومەرجی بە پۆتانسییەلی مەترسییەکی ستراتیژی لە ڕۆژهەلاّتی نێوە ڕاستدا بگۆڕێ کـــە لەوانەیە لە داهاتوودا زۆر لەوەی زیادتر لە ڕابردوودا بووە گەورەتربێتەوە، و بیکاتە پێچەوانەی. ڕێککەوتن و یەکێتی لەگەلْ کوردان وەک گەلێک، ڕێککەوتن و یەکێتی لەگەلْ ڕۆژهەلاّتی نێوەڕاستە. هەروەک ئەوەی کە تورکیا مێژووی خۆی بە یارمەتی ئەو گەلە وەدەستهێناوە، هەر ئاواش دەتوانێ خۆی لە بارودۆخی دژواری ئێستا ڕزگار بکا بە ڕێگەی یەکگرتن لەگەلْ گشت ئەو گەلە لە ڕێبازی ئاشتی و دۆستایەتیدا و بەم پێیە لە داهاتوودا بەیارمەتی ئەو گەلە دەستکەوتی گەورە وە دەستبهێنێ.

٤. خۆ ڕزگارکردن لەو بارودۆخە دژوارە و لە کێشەی چەکدارانە کە ئەو گیروگرفتە دروستی کردووە مانای ڕێگە خۆشکردن بۆ پێشوەچوونی ئابوورییە. ئەو گیروگرفتە نەک هەر بوودجەی نەتەوەیی هەڵدەلووشێ لەبەر خەرج و تێچووی شەڕ بەڵکوو دەشبێتە هۆی سەرمایە دانانی بێکەلک و بێ بەرهەم و پێشوەچوونێکی لاسەنگی ئابووری کە هۆی سەرەکی قەیرانی ئێستایە چونکوو ئەوە دەگاتە ئابووری سوود و سەلەم (RENTIERS) لە هەر لایەکەوە لێی برواندرێ، هیچ ئابوورییەک ناتوانێ بەرگەی شەڕێکی وا درێژەکێشاو و بەربلاّوبگرێ. بۆیە، چارەسەرییەک ئاکامە هەرە سەرنجڕاکێشەکانی خۆی لەمەستەوای ئابووریدا نیشان دەدا. لە کەمکردنەوەی خەرج و تێچووی عەسکەرییەوە بگرە تا وەگەڕخستن و گرینگی پێدانی سەرچاوە دەوڵەمەند ئابوورییەکانی هەرێم. پێشوەچوونە

ئابوورییە چاو ڕاکێشەکانی هەرێم دەبن بە ڕاستییەکی خۆلێنەبوێر بێتوو سەرچاوە داراییەکانی وا ئێستا لە شەڕ خەرج دەکرێن بۆ پڕۆژەی گەورەی بەندی GAP دەکاربکرێن. هەر ئاواش پوتانسییەلی سەروەت و دەوڵەمەندیی هەرێم دەبێتە هۆی ئەوە کە ستروکتووری ئابووری سەرانسەری تورکیا ببووژێتەوە و بەخێرایی بتەنێتەوە ناو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست. بەرهەمهێنان و یەکێتی ئابووری هەر نەبێ ئەو دەستکەوتە گەورانەی دەبێ کە یەکێتی سیاسی دەیرەخسێنێ. هەر وەک دەبیندرێ دەورێکی سەرۆکایەتی هەرێمی و سەرکەوتنی تورکیا لە نزیکەوە بە چارەسەرێکی گیروگرفتەکە گرێدراوە، و دۆزینەوەی چارەسەرێکی ئەوتۆ دەستکەوتی هەرە گەورەیە بۆ داهاتوو.

٥. «مەحکەمە» ئەوەی زیادتر لە هەمیشە کردووەتە جێی تێگەیشتن کە چارەسەری هەرە پراتیکی مەسەلەی کورد بەستراوەتەوە بە مافە دیمۆکراتی و کولتوورییەکان تا ئەو جێگەیەی کە دەگرێتەوە سەر هەلومەرجی سیاسی تورکیا و قانوونەکانی ناو قانوونی ئەساسی، و ئەوەی کە دەکرێ ئەو بنبەست و بارودۆخە دژوارە دەردەست بکرێ و بەم پێیە ئەوەی کە زەبر و زەنگ چیدیکە ناگاتە هیچ. هووییەتی دیمۆکراتیک و کولتووری دەبێ بەباشی لێی تێبگەیشترێ. ئەوان لە هووییەتی سیاسی جیاوازن. ئەو هووییەتانە بریتین لە هاوڵاتێتی ئازاد و یەکێتییەکی دیمۆکراتیک لەسەر بناوانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد لە نێو زۆر دەوڵەتاندا. هووییەتی کولتووری بەمانای ژیان لە هەبوونێک دایە کە بەدەم مێژووەوە لەسەریەک کۆبووەتەوە. لەهەر وڵاتێکی مودێرنی دنیادا مافسەرەتاییەکانی ئینسانی کەمو زۆر بە بەرچاوانەوەیە. لە تورکیا، هەبوونی ئەو گیروگرفتە بارمەتییەکی زۆری کردووە بە بنبەستی مێژوویی لە کۆمەڵگەی کوردیدا، و ئەو ترس و دڕدۆنگیانەی کە لێی کەوتوونەتەوە

ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی وەک تاقە ڕێگە نیشان داوە. چارەسەرییەکی پراتیکی بە دەرسکوتنەوەی بایەخە نەتەوەییەکانی تورکی، بەتایبەتی زمانی تورکییە، وەکوو زمانی بنچینەیی پەروەردە، لە هەمان کاتدا ڕێگەدانە بە کوردی وەکوو زمانێک بۆ دەربڕینی ئازاد و بۆ پەروەردە. لە ڕاستیدا قانوونی ئەساسی دەبێ ئەوە بە پێویست دابنێ کە هەر دووک زمانەکان بەپێی ئاتاج و پێداویستی هەر کەسێک فێریان بێ. قەدەغەکردنی زمان پێشێلکردن و لادانە لە قانوونی ئەساسی. هەرچۆنێک بێ، کرانەوەی دروویەکی دیمۆکراتیک، موشکیلەیەکی گشتی تورکیایە. هەڵدان و گەشەسەندنێکی خێرای ئابووریش هەڵوەشان و تەپینی ستروکتووری کۆمەڵایەتییە فیودالییەکان خێراتر دەکا. ئەگەر گەلی هەرێم بەسەر گیروگرفتە گەورەکانی قورسی وەکوو دیمۆکراتیکردن و دەربڕینی کولتووری دازاڵ بن،لەسەر ئەو بناغەیە، یەکێتی وڵات و دەوڵەت چ سەدەمەی پێناگا بەڵکوو بە پێچەوانە یەکێتییەکی دڵخوازانەی خۆلێنەبوێر پەرە دەستێنێ، چونکوو ئەوە هەمیشە زۆر و تۆبزییە کە دنەی جیاوازیخوازی دەدا.هیچ کەس فکر لە جوێبوونەوە ناکاتەوە ئەگەر لەو باوەڕە دابێ کەبەرژەوەندییەکانی دەکرێ لە چوارچێوەی یەکێتی وڵات و دەوڵەتدا بپارێزرێ. هەموو جۆرە کونسێپتێکی دیکەی یەکێتی جگە لەوە هەرتێک دەشکێ.

چارەسەرکردنی گیروگرفتەکە بە ڕێگەیەکی ئەوتۆدا نەک هەر بەسەر ئەو بارودۆخە دژوارەدا زاڵ دەبێ بەڵکوو ئەو پەڕی بێمانایی دەکارکردنی زەبروزەنگ و توندو تیژیش وە ڕوودەخا. ڕووداوەکانی ڕابردوو هەرچی زیادتر ئەوەیان سەلماندووە. بەشداری گەلی هەرێم، یەکێتی سەرانسەری کە تێیدا ئەوان بتوانن هوویەتی دیمۆکراتیک و کولتووری خۆیان دەربڕن بۆ خۆی دەگاتە دیمۆکراتیکردنێکی پتەوی کۆمار. وڵاتێکی هاوبەش و خۆ

به دەوڵەتەوە ناساندنێکی دڵخوازانە هێزی هەرە بە هێز و توانان. بەوپێیە هەموو ترس و دڕدۆنگییەکانی ڕابردوو لە ئارادا نامێنن و باوەڕێکی نەلەرزاو بە داهاتوو دادەمەزرێ.

٦. چارەسەرێکی دیمۆکراتیانەی ئەو گیروگرفتەکە هەر گەورە و گەورەتر بووەتەوە، گیرو گرفتێکی کە هەمیشە لەمپەر و تەگەرەیەک بووە لەسەر ڕێگەی دیمۆکراتیکردن هەر لەسەرەتای دامەزرانی کۆمارەوە دەورێکی سەرەکی دەگێڕێ لە دیمۆکراتیکردنی گشتی تورکیادا. ئیتر نابێ بە فاکتۆرێکی پێشگرتن بە سیاسەتی دیمۆکراتیک. بارودۆخی دژواری ئەو کێشەیە لەبەر بەرچاوتەنگی و دواکەتوویی سیاسیە. و ئەو ڕاستیە کە پارلمان و پارتییە سیاسییەکانیش ناتوانن دەوری خۆیان بگێڕن ڕیشەی لەو ئاو دەخواتەوە.

بارودۆخی دژوار، هەڵتەزینەوە و هەستانی بەردەوام و ئەوانەی بە دوویان دادێن تەگەرە و لەمپەری بنچینەیین لەسەر ڕێگەی دیمۆکراسی لە تورکیادا. بەم پێیە، دیمۆکراتیبوونێکی گەلی هەرێم دەگاتە زنجیرەیەک کاردانەوە لە ستروکتوورە سیاسییەکانی هەموو تورکیادا. بەدەم ئەو بەرەوپێشکەوتنە دیمۆکراتیکەدا یەکپارچەیی و دەستەڵاتی دەوڵەت زۆر پەرە دەستێنێ. سیاسەت لە ئامرازێکی وە دەستخستنی سوودو سەلەم و پاشەکەوت کردن ڕا دەبێ بە داو دەزگایەکی بەرزی جووڵانەوەی بەکەلکو بەرهەمدار.

شانسێکی باش لە گۆڕێدا دەبێ کە قانوونێکی ئەساسی دیمۆکراتیکیش بکرێ لە ئاکامی ئەو پێشوەچوونانەوە سەرهەڵهێنێ. دیمۆکراتیکردنی سیاسەت بەخێرایی لە دیمۆکراتیکردنی قانوونی ئەساسیشدا ڕەنگ دەداتەوە. بەیەکەوە بوونی قانوون و سیاسەت دەبێ بە دەستەبەری ڕژێمێکی دیمۆکراتیک.

هەواڵنامەی کتێب

به کورتی، [دۆزینەوەی] چارەسەرێکی دیمۆکراتیک بۆ ئەو گیروگرفتە کلیلی چارەسەرییە بۆ گیروگرفتە نێوخۆییە لەسەریەک کۆوەبووەکانی تورکیا و بۆیە زەمینەیەکە بۆ دەستکەوتە چەند لایەنەکانی تورکیایەکی داهاتوو. تورکیایەکی کە گیروگرفتە نێوخۆییەکانی خۆی ئاوا جێبەجێ کردبێ، تورکیایەک دەبێ کە توانایی ئەوەی دەست کەوتووە وەکوو هێزێکی دەستەڵاتداری نێونەتەوەیی سەرهەڵبهێنێ.

٧. ڕێگەی بە دیمۆکراتی جێبەجێکردنی بارودۆخە دژوارە نێوخۆییەکان و کێشەی چەکدارانە کارتێکەری هەرە بەرچاوی خۆی لەسەر کردنەوەی دەروویەک بەرەو دنیای دەرەوە دەبێ. کۆماری تورکیا لەهەر هەنگاوێکدا کە لە بواری سیاسەتی دەرەوەدا هەڵیدەهێنێتەوە دوای جێبەجێکردنی گیروگرفتە قورسە ئابووری و سیاسییەکانی خۆی و دوای دامەزراندنی ئابوورییەکی بەسباتترو ستروکتووری دیمۆکراتیک زۆر سەرکەوتووتر دەبێ. بەرلە هەموان، موشکیلەی ئەندامەتی لە یەکێتی ئورووپادا جێبەجێ دەکا و تورکیا دەبێ بە ئەندامێکی یەکێتی ئورووپا.

تورکیا بە پشت بەستن بە هێزی خۆی وەکوو دەستەڵاتێکی سەرەکی لە هەرێمدا، هەڵکەوتێکی ئیدەئالی دەستدەکەوێ بە تایبەتی بە هێز وەبەرهاتن وتوانایی لەبەر دۆستایەتی هەرێمی لەگەڵ کوردەکان کە یارمەتی هەرە زۆری دەدەن بۆ سەقام گرتن و پتەوبوونی. دەوری کوردەکان دەبێ بە زەمینەی دروستبوون و بەهێزبوون لە ئێستاو لە داهاتوودا، هەر وەک ئەو دەورەی ئەوان لە مێژوودا بوویانە، ئیتر ئەوان چیتر مەترسییەکی ستراتیژیک نابن و دەبن بە هێزێکی بنەرەتی بۆ پشت پێ بەستنیان.

ئەمەش بەنۆرەی خۆی ڕێگە دەکاتەوە بۆ پەرەگرتنی نفووز و دەستەڵات لە باڵکان، قەوقاس و تەنانەت ئاسیای نێوەندی. پێداهاتنەوە و لە سەر ڕا دامەزراندنەوەیەکی دیمۆکراتی ئەو پێوەندییانە دەبێ بە هەنگاوێکی

بنچینەیی بەرەو پرۆسەیەک کەوە نفووز و دەستەڵاتە ستراتیژییە مێژووییەکان دەچێ، بەڵام لەسەر زەمینەی دیمۆکراتیک. تێنەگەیشتن و دەرک نەکردن بەو ڕاستیە تاکوو ئێستا نەک هەر بووەتە هۆی لە دەستچوونی بەشێک لە میساقی میللی (پەیمانی نەتەوەیی) بەڵکوو گەیشتووەتە هەڵوەشان و داوەشانی بەردەوامی نێوخۆیی و لە دەستدانی دەستەڵات. دانیشتنەکانی ئیمرالی بە ئاشکرایی ڕوونیان کردووەتەوە کە ئەو هێزەی کە دژایەتی و دژ لە هەقی هەرێمی لەگەڵ تورکیادا هەیە تورکیای خستووەتە سەروبەندێکی هەتا بڵێی حەساس بەکەلک وەرگرتن لە کوردەکان. لەبەرامبەر ئەو وەزعەدا ئەوە مانایەکی زۆری بۆ داهاتوو تێدایە کە ئەو بارودۆخە دژوارە و کێشەی چەکدارانە کۆتایی پێبهێندرێ و توانا و هێزی چاوەڕوانکراو وە دەستبخرێ بۆ بەرەو پێشوەچوونێکی هەمەلایەنەی دیمۆکراتیک. چارەسەرییەک دەستکەوتی زۆر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێ و هەر وەک دەستگێرانەوە لە دۆزینەوەی چارەسەرییەک و نەبوونی تاکوو ئێستا ئەو هەموو خەسار و لە کیسدانەی ساز کردووە.

## دەر ئەنجام: پرۆسەی ئیمرالی دەکرێ نوختە دەستپێکردنێکی مێژوویی بێ

هەر وەک لەسەرەوەدا پوختەکراوە پرۆسەی قانوونی لە دورگەی ئیمرالی دەکرێ وەکوو شانسێک هەڵبسەنگێندرێ و بەنوختە دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ دابندرێ. هەر نەزم و نیزامێکی کۆمەڵایەتی کە لە مێژووودا تووشی دینی میوە و بەرهەمی کێشەیەکی سەرەکی بووە. ئەمن لەو باوەڕەدام کە ئاکامی ئەم کێشەیە و ئەم ڕاپەڕینە دەبێ بە نەزم و نیزامێکی کۆمەڵایەتی دیمۆکراتیک لە داهاتوودا. بێڕبێڕو بێ ئەملاو ئەولا هەرجۆرە پێکێنشییەک لەسەر [بەردەوام کردنی] ئەو

بارودۆخە دژوارە و لەسەر کێشە،پێشوەچوونە نێگاتیڤە مێژووییەکان خێراتر دەکا. بۆ چوونێکی ئیجابی و شیکارایانە کۆتایی بە کێشە کە دەهێنێ و زەمینە بۆ ئاشتی خۆگر و بەردەوام و خوشکو برایەتی دەخولقێنێ. جا بۆیە، هەتا بلێی گرینگە ئێمە لە کوڵ و ژانەکانی خۆمان و تەلەفاتی خۆمان بە خراپە کەلک وەرنەگرین و نەیانکەین بە ئامرازی تۆلە ئەستاندنەوە بەڵکوو بیانکەینە بناخەیەکی پتەو لە پێناو دۆزینەوەی چارەسەری و ئاشتیدا. ئێمە دەبێ گیروگرفتەکانی خۆمان بە پێکەیشتووی و ژیرانە یەکلاکەینەوە و بەوردی خەسار و دەستکەوتەکانی خۆمان هەڵبسەنگێنین. گیروگرفتە گرینگە کۆمەڵایەتییەکان تا ئەو کاتەی کە یەکلا نەکراونەتەوە وجێبەجێ نەکراون هەمیشە دەبنە هۆی ئێش و ژان و لە کێسدان. هەم مێژوو هەم سەردەمی ئێستا پڕن لە نموونەی تەنانەت زۆرماڵوێرانکەر تریش.

لەبەر ڕووناکایی ئەو دەرسانەی ئێمە دەکرێ لە شیتەڵکردنەوەی دروستی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەکان فێریان بین، ئەو سەرهەڵدان و ڕاپەڕینانەی کە پرۆسەی دوور و درێژی مێژوویی سازی کردوون و لە ڕاستیدا هۆی گرینگی کۆمەڵایەتییان هەبووە، ئێمە بۆمان دەردەکەوێ کە هەم دەکرێ و هەم پێویستە کە دڵنیایی بدەین کە «بزووتنەوەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان» لە ژێر ڕێبەری پارتی کارکەرێن کوردستان لە ڕاستیدا ئاخر ڕاپەڕین دەبێ و کێشەی چەکدارانەش ئاخرینیان. ئەمن لە پارێزکارییەکەمدا، تێکوشاوم ئەو خاڵە جەخت کەمەوە. لەوانەیە ئەوەندەی گوتوومە بەس نەبێ، لەوانەیە هێندێک کەموکووڕی تایبەتی تێدابێ، بەڵام پێمخۆشە ئەو خاڵە دابکرمەوە کە ئەمن ئاماژەم بە ڕێگەیەکی دروست کردووە و دڵپاکی من لەو بارەیەوە وەک سوێنی چوونم بەو ڕێگەیەدا وایە. نێوەرۆکی زانستی و دێمۆکراتیکی ئەو بۆچوونە چ قسە

هەواڵنامەی کتێب

هەڵناگری. ئەو [قسانە] نابێ وەک چەت و لاوازی یان کەوتنە تەنگاسی وەربگیرێن، ئەمن تێکۆشاوم بکەمە بایەخە ئەخلاقی و سیاسییەکان و ئەوانم وەک چارەسەرییەک هێناوەتە گۆڕێ لە جیات ئەوەی پارێزگارییەک لە خۆم بکەم بە مانای حقووقی ئەم وشەیە. ئەو قسانەی من دەبێ وەک بەردی بناخەی پێشوەچوونێکی مێژوویی وەربگیرێن. و ئەو ڕاستیەی کە هەرجۆرە بۆچوونێکی دیکە بۆ ئەو باسە لە قووڵترکردنەوەی ئەو بارودۆخە دژوارەی ئێستای تێناپەڕێنێ دەبێ ئەوانەی ئەمن دەیلێم بە دەرئەنجامی تەجرەبەی دووردوورودرێژ لێکبدرێتەوە. ئەوەی کە لە دوای ئێستاوە ئەمن دەتوانم لە ژیانمدا بیکەم ئەوەیە یارمەتی بکەم بە ئاشتییەکی نوێ و پرۆسەیەکی برایەتی هاوشان لەگەڵ کەسانی قایم کە ئەمن لە نزیکەوە بەوانەوە گرێدراوم. لە ڕوانگەی مێژووییەوە گرینگە ئەو بڕیارە ئیجابییەی کە ئێمە لەسەر کۆماری دێمۆکراتیک داومانە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زەمینەیە لێی بڕوانرێ. بێگومان ئەمن ئەوەی پێویست بێ دەیکەم بێتوو شانسێکی ئەوتۆم بدرێتی. دروستی قسەکانی من تەنیا دەکرێ بە ڕێگەی کردەوەی پراتیکی من دابسەڵمێ.

بەبێ گومان عاقڵانە جووڵانەوەی دەوڵەت دەورێکی گرینگ دەگێڕێ. بەمن ئەو هەڵوێستەی کە «لکی تیرۆر و زانیاری پۆلیس» ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی «دادگە»کەی من دەریبڕیوە زۆر گرینگە جا بۆیە پێمخۆشە لێرەدا بیگێڕمەوە:

«نانەوەی هێندێک هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەی خوارووی ڕۆژهەڵات بەمانای ئیمتیاز دان بە پکک نییە. بیروڕای گشتی دەبێ بۆ کارێکی ئەوتۆ ئامادەبکرێ. لێرەدا میدیا کارێکی گرینگی هەیە بیکا. ئەگەر دەوڵەت هەنگاوێکی ئیجابی باوێژێ و ڕووداوەکان تەنانەت ٥٠٪یش کەم ببێتەوە، ئەوە پێشوەچوونێکی گەورەیە... دەوڵەت بۆ تۆڵە

سەندنەوە یان بە کەفوکوڵی فیودالییەوە بۆ ئەو مەسەلەیە ناچێ بەڵکوو زانستییانە مامڵەی لەگەڵ دەکا. ئەگەر ڕێگەیەک بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو گیروگرفتە لەبنەڕەتدا جێبەجێ بکرێ دەوڵەت نابێ سەرسەختی بکا. بەپێی ئەو ئاکامەی لەم دادگەیە دەردەکەوێ، دەوڵەتیش چەند هەنگاوی دێمۆکراتیک و کولتووری هەڵدەهێنێتەوە و ئاخرەکەی کۆتایی بە گشت ئەو مەسەلەیە دەهێنێ. گەلی تورک چیدیکە ناتوانێ و بەرگە ناگرێ لەگەڵ تێرۆردا بژی.»

لێرەدا ئێمە لەگەڵ نموونەیەکی بژاردە لە بۆ چوونی پێگەیشتوو و ژیرانەی دەوڵەت بەرەو ڕووبووینەتەوە. ئەو ئاکامانەی بە ئاوات دەخوازرێن هەر کە هاتوو بۆچوونێکی ئەوتۆ بەکردەوە بێتەپێشەوە بەزوویی دەردەکەون. ئێمە دەبێ سرنجێکی برێک زیادتر بدەینە سەر ئەو ڕاستییەکە بە ڕاگەیاندنی تەقەوەستاندنی یەکلایەنەی ای سێپتامبری ١٩٩٨، و تەنانەت بە بەدەم «مەحکەمە»ی ئیمرالی شەوە ڕووداوەکان نەک هەر ٥٠٪ کەمبوونەتەوە، بەڵکوو گەیشتوونەتە ئاستێکی زۆر خوارەوەتریش. ئەو کەمتربوونەوەی ڕووداوەکان لەبەر لاوازی پارتی کارکەرێن کوردستان یان لە خۆ وەنێن. ئەوە لەبەر بۆچوونێکی بەرپرسیارانە، لەبەر حەوجێ بە دەستپێکردنی پرۆسەیەکی نوێ، لەلایەکەوە، و جوولانەوەی ژیرانەی دەوڵەت و لەسەرێکی دیکەوە وڵامی ئێمە لە چوارچێوەی هێزو دەستەلاتماندا ئەو فاکتۆرانەن کە ڕووداوەکانیان گەیاندووەتە ئەو ئاستە. ئەوەی کە لەمەودوا پێویستە ـ و بەیانییەی «لکی تێرۆر و زانیاری پۆلیس» ئاماژەی پێدەکا ـ ئەوەیە کە هەنگاو هەڵبهێندرێتەوە، کە پارتی کارکەرێن کوردستان چەک دابنێ و ئەو مەسەلەیە تەواو ببێ کە گەلی ئێمە چیدیکە ناتوانێ بەرگەی بگرێ. ئەمن باوەڕی خۆم دادەگرمەوە کە دەتوانم دەوری خۆم سەرکەوتووانە بگێڕم بە بەکار هێنانی دەستەلات و

نفووزی ئەخلاقی خۆم.

ڕێگە بەرەو چارەسەرێکی دیمۆکراتیک دەمانگەیێنێتە پێشوەبردنی سیستمێکی دیمۆکراتیک و دارشتنی پوختەی نێوڕۆکی. هێندێک برگە لە قسەکانی سەرۆکی دادگەی قانوونی ئەساسی کە بەبۆنەی ئاهەنگی ٣٧ ساڵەی ئەو دادگەیە کردوونی هێندێک هیوا ساز دەکەن و ئاماژەن بەڕێگەی ڕاست.

« لە دەوڵەتیکی حقووقی، کۆمەلأیەتی، عیلمانی و دیمۆکراتیکدا کە ڕێز لەمافی مرۆ دەگرێ وەکوو کۆماری تورکیا، دەوڵەتێکی ئەوتۆ بەپێی پێوانە جیهانییەکانی هاوچەرخ ناچار دەکرێ مافی مرۆ و ئازادییەکان بپارێزێ و پەرەیان پێبدا. »

« بەر بەستکردنێکی دیکەی کە لە سەر ئازادی بەیان داندراوە لە بواری زمان دایە. پاراگرفی ٣ی مادەی ٢٦ دەڵێ کە: «هیچ زمانێکی یاساخ کراو نابێ بۆ دەربڕین و بلأوکردنەوەی ڕامان بەکار بهێندرێ» ئەگەرچی، پەیمانانەمەی ئورووپایی مافی مرۆ هیچ ڕێوشوێنێکی دانەناوە کە بەپێی وی زمانێکی تایبەتی بۆ دەربڕین و بلأو کردنەوەی ڕامان بکرێ بەربەست بکرێ»

«تێکۆشان بۆ لابردنی بەربەستکردنەکان و یاساخەکان لە قانوونی ئەساسی و قانووندا و بۆ گەیشتن بە ئاستی دیمۆکراسییەکانی هارچەرخ لە بواری مافی مرۆدا بەردەوامە. میدیای ئێمە، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕووناکبیران هێندێک پێشنیاریان هێناوەتە گۆڕێ بۆ فرەوان کردنەوەی فەزا بۆ ئازادیی بەیان لە قانوونی ئەساسیدا. ئێمە هیوادارین کە بیرورایەکی گشتی و ئیرادەیەکی سیاسی پەیدابێ و بتوانێ کارتێکەری هەبێ لەسەر هێندێک گوڕان لە قانوونی ئەساسیدا. وەک نیشانەیەک لە ئاستی شارستانییەت ئەو نۆرمانەی مافی مرۆ کە بە

**بەربلاوی پەسندکراون و ڕەچاو دەکرێن و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەخێرایی بەرەو پێش دەچن، دەبێ لە قانوونی ئێمەشدا ڕەنگ بدەنەوە، قانوونی ئەساسی ئێمە و ڕێوشوێنە حقووقییەکانمان دەبێ ئاگۆڕێکی ئەوتۆیان تێدا بکرێ کە لە ڕێککەوتنە نێونەتەوەییەکان بوەشێنەوە و پێوانە جیهانییەکان کە ئامانجی ئەو ڕێککەوتنانەن دەبێ لە سیستمی حقووقی ئێمەدا جێی خۆیان بگرن و دابمەزرێن.»**

ئەو دێرانە بناخەی مافە دێمۆکراتیک و کولتوورییەکان دادەڕێژێ و ڕێگەیەک بەرەو چارەسەرییەک نیشان دەدا. ئەوە ئەوجێنیەیە کە بەرەو وی دەچێ و پێویستییەکی شارستانییەتی دێمۆکراتیکی هاوچەرخە. کە زوویان درەنگ سەر هەڵدەدا. کۆماری دێمۆکراتیی تورکیا و قانوونە ئەساسییە دێموکراتیکەکەی دەبن بە دەربڕی کۆنکرێتی ئەو ڕێبازە. ئەمن ڕادەگەیێنم بەباوەڕی من سەرەڕای مەحکوومکراوم بەپێی مادەی ١٢٥ی قانوونی سزایی چ گومانم لەوە دانییە کە لەبەردەم مێژوو چ لەباری ئەخلاقی و چ لە ڕوانگەی سیاسییەوە بێتاوانم، و جارێکی دیکەش ئاواتی قووڵی خۆم دووپاتە دەکەمەوە بۆ خزمەت بە ئاشتییەکی شەرافەتمەندانە لە عەداڵەت و لە کۆمارێکی دێمۆکراتیکدا کە ئەمن ئەوە بە فەزیلەتێک دادەنێم.

# ئاخر وتەی سەرۆک ئۆیجالان بەر لە ڕاگەیاندنی بڕیاری «مەحکەمەی» ئیمرالی

ئەمن تاوانی خیانەت رەت دەکەمەوە. ئەمن لەو باوەڕەدام لە پێناو یەکێتی ولات و بۆ ئازادی خەبات دەکەم. لەوباوەڕەدام خەباتی من لە پێناو کۆمارێکی دیمۆکراتیکدا بووە و نەک بە دژی کۆمارێکی ئەوتۆ.

ئەمن هیوادارم ئەو گیروگرفتەکە لەبەر هەڵە مێژووییەکان گەورە بووەتەوە بگاتە چارەسەرییەک. ئەمن دەمەوێ ئەو «مەحکەمە»یە یارمەتی بەوە بکا. ئەمن جارێکی دیکە بانگەوازی خۆم دووپاتە دەکەمەوە، ئەو بەڵێنە لیبراوەی کە لە سەرەتاوە داومە بۆ ئاشتیەکی عادلانە و شەرافەتمەندانە و برایەتی لە ڕێبازی کۆماری دیمۆکراتیکدا.

ئەمن بانگ لە ئیسانییەت، دەوڵەت و هەموو هێزەکانی نێو کومەڵگە دەکەم ئەرکی خۆیان بەجێبگەیێنن. داهاتووی ولات بە ئاشتیەوە گرێدراوە نەک بەشەڕ.

سلاو بۆ هەموان!

THE FINAL STATEMENT OF

# ABDULLAH ÖCALAN



هەواڵنامەی کتێب

THE HONORARY CHAIRPERSON OF THE NATIONAL CONGRESS OF KURDISTAN AND LEADER OF PKK

Draft for final statement handed out by Mr . Öcalan to his lawyers during their visit On 17 june 1999